# ئەفسانەی ئەژیدەهاکە
# یان داستانی زوحاک

**پ. ی. فەرهاد عەزیز حەسەن**
بەشی زمانی کوردی -کۆلێژی پەروەردەی مەخموور
زانکۆی سەلاحەدین
Farhad.hassan@su.edu.krd

**پوختە**

ئەفسانە وەکو بەرهەمێکی گرنگی فیکری، فەلسەفی و زمانی، پیشاندەری جیهانبینی و بیروباوەڕی مرۆڤی سەردەمە جیاجیاکانی مێژوو بووە و پێ‌بەپێ لەگەڵ گەشەی فیکری و فەلسەفی و توانستی زماندا گەشەی کردووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ڕەنگی سەردەمی نوێی وەرگرتووە. ئەفسانە لە جیهانی ئەدەبدا بە سەروچاوەی زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکان دادەنرێ، بۆیە لە ڕەوتی گەشەکردنیدا جگە لەوەی کە هەر لە ناو سنووری خۆیدا گۆڕانی زۆری بەسەردا دێ، لە هەمان کاتدا فۆرمی دیکەش وەردەگرێ. داستانی کاوەی ئاسنگەر و زوحاک، یەکێک لە کۆنترین داستانەکانی مێژووی ئەدەبی کوردییە کە لە هەناوی ئەفسانەیەکی کۆندا سەری هەڵداوە و دواجار بە قۆناغێکی مێژوویی نەتەوەی کوردەوە واتا ڕووخانی دەوڵەتی ماد گرێدراوە. لەم توێژینەوەیەدا بە پشتبەستن بە ڕێبازی شیکاریی ئەفسانەیی و شیکردنەوەی بەڵگەنامە مێژوویی و دەقە کۆنەکان، هەوڵدەدرێ ڕێڕەوی گەشە و گۆڕانی ئەم ئەفسانەیە بۆ داستان و پەیوەندی بە ڕووخانی دەوڵەتی ماد و کاوەی ئاسنگەر دەستنیشان بکرێ.

وشەی سەرەکی: ئەفسانە و داستان، ئاڤێستا و دەقی پەهلەوی، کاوە و زوحاک، دەوڵەتی ماد

### ١: پێشەکی

ئاڤێستا کۆنترین بەرهەمی ئەدەبی جیهانە کە ئەفسانەی ئەژیدەهاکی سێ سەری تێدا تۆمارکراوە. لە بەشە جیاجیاکانی ئاڤێستا لە یەسنە، یەشتە و ڤیدەئێڤەداتەدا ناوی کەسێکی ناپەسند و پیس و شەڕەنگێز بەناوی ئەژی دەهاکە هاتووە. (یەسنە ٩، بەندی ٦، ٨، ٩، ١١، ٤١)، (یەسنە ١١، بەندی ٦)، (فەروەردین یەشت، بەندی ٦١، ١٣٦)، (زامیاد یەشت، بەندی ٣١-٣٨، بەندی ٤٤- ٥٢)، (ئابان یەشت، بەندی ٢٩، ٣٣، ٣٧، ٩٠، ١٢٩)، (ڕام یەشت، بەندی ١٩، ٢٣، ٢٨)، (ئەرت یەشت، بەندی ٣٣، ٣٥)، (درواسپ یەشت، بەندی ١٣-١٤)، (بەهمەن یەشت، بەندی ٥٨-٦٢)، (بەهرام یەشت، بەندی ٤٠)، (ڤی دەئێڤەداتە، پەرگەردی ١، بەندی ٢، ١٧ و پەرگەردی ١٤، بەندی ٥ و پەرگەردی ١٨، بەندی ٦٥ و پەرگەردی ١٩، بەندی ٦) زانیارییەکان لەم بەشانەی ئاڤێستادا گشتین و وردەکاریی تەواوی ڕووداوەکانی ئەم ئەفسانەیەی تێدا نابینرێ؛ بەڵام بە یارمەتی کۆمەڵە بەرهەمێکی دیکە کە مێژووەکەیان بۆ سەردەمی ئەشکانی و ساسانی و سەرەتای سەردەمی ئیسلام دەگەڕێنەوە، دەتوانرێ لایەنە شاراوە و ناتەواوەکانی ئەم ئەفسانەیەی پێ تەواو بکرێ. ئەم سەرچاوانە بریتین لە: (بن داهێشن، بەشی ١٢، بەندی ٢٩-٣٦ و بەشی ٢٠، بەندی ١٨-٢٠ و بەشی ٢٣، بەندی ٢-٣ و بەشی٢٩، بەندی ٨-٩ و بەشی ٣١، بەندی ٧، ١١، ٢٦-٢٧، ٢٩) و (مینووگی خیرەت بەشی ٢٧، ٤٩، ٥٠) و (دینکەرت، کتێبی هەشتەم و نۆیەم) و هەروەها (کتێبی کێرێساسپ نامەگ). لە سەردەمی ئیسلامیدا مێژوونووسان ئاماژەیان بەم ئەفسانەیە داوە و گێڕانەوەی جۆراوجۆریان گواستووەتەوە، وەکو بلعمی، طبری، بلخی، ثعالبی، بیرونی، دینەوەری؛ گرنگترین بەرهەمی سەردەمی ئیسلامی شانامەی فیردەوسییە. سەرچاوەکانی سەردەمی ئیسلامی بۆ گێڕانەوە و گواستنەوەی ئەم ئەفسانەیە سوودیان لە کتێبی (خوتای نامەگ) وەرگرتووە کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا سەبارەت بە سەربوردەی پاشاکان نووسراوە.

ئەفسانەی ئەژیدەهاکە یەکێک لە کۆنترین ئەفسانەکانی گەلی کوردە کە لە پێش دەرکەوتنی دینی زەردەشتی هەبووە و دواتر لە چوارچێوەی دەقی ئاڤێستادا

کۆکراوەتەوە و دۆخێکی دینی پێدراوە. مێژووی ئەم ئەفسانەیە بەلایەنی کەم بۆ پتر لە چوار هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە و مێژووی نووسینەوەی لە چوارچێوەی کتێبی ئاڤێستا بە نزیکەیی بۆ دەوروبەری ٨٠٠ تاکو ٧٠٠ پ.ز دەگەڕێتەوە. ئەم ئەفسانەیە لە ڕێڕەوی گەشە و گۆڕانی خۆیدا بەرەو داستان گەشەی کردووە و لە ئەنجامی ئەم گەشەکردنەدا گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە. دواتر ئەم داستانە بەهۆی کۆمەڵە تایبەتمەندییەکەوە بە ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی گەلی کورد گرێدراوە کە ئەویش ڕووخانی دەوڵەتی مادە. هۆکاری ئەم تێکەڵکردن و بەهەڵە تێگەیشتنە، لێکچوونی ناوی ئەژیدەهاکەی ئاڤێستا و ئاستیاکی دوا پاشای مادەکانە. لەم ناوەندەدا ناوی کاوەی ئاسنگەر و کۆڕشی ئەخمینی بابەتەکە ئاڵۆزتر دەکەن. کاوەی ئاسنگەر بەیاوەری فەرەیدوون زوحاک لە دەسەڵات دەخا و کۆتایی بە ڕۆژگاری زۆرداری ئەم پاشا ستەمکارە دێنێ. لەلایەکی دیکەش کۆڕشی ئەخمینی کۆتایی بە دەسەڵاتی ئاستیاگی مادی دێنێ. ڕووداوی لەناوبردنی زوحاک لەلایەن کاوەی ئاسنگەرەوە بە جەژنی نەورۆز گرێدراوە و ئەگەر کاوە یان فەرەیدوون هەمان کۆڕش بێ، کەواتە ئەوەی گەلی کورد ئێستا لە سەرەتای ساڵی نوێ و لە ڕۆژی نەورۆزدا بە جەژن دایدەنێ، جەژنی ڕووخانی دەوڵەتی کۆنی کوردییە و بەم چەشنە جەژنی ڕووخان و نەمانی دەسەڵاتی سیاسی خۆی دەگێڕێ. ئایا بەڕاستی ئەژیدەهاکە هەمان ئاستیاگە؟ ئایا کاوە یان فەرەیدوون و کۆڕش یەکن؟ ئایا کورد هەموو ساڵێک لە ڕۆژی نەورۆزدا جەژنی ڕووخان و لەناوچوونی دەوڵەتی کوردی بەرپا دەکا؟


پرسیاری سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە:

- ئایا ئەژیدەهاکەی ئاڤێستا و زوحاکی داستانی کاوەی ئاسنگەر هەمان ئاستیاگی پاشای مادەکانە؟

لەم توێژینەوەیەدا بە پشتبەستن بە ڕێبازی شکاریی ئەفسانەیی و بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکان و لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاریی کتێبخانەیی و شیکردنەوەیان هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و کۆمەڵە پرسیارێکی دیکە دەدرێنەوە.

**٢: ئەفسانەی ئەژیدەهاکە لە ئاڤێستادا**

وشەی ئەژی دەهاکە (Azi-Dahaka) ی ئاڤێستایی ناوێکی لێکدراوە و لە ئەژی بەمانای (نەژین، مردن) و دەهاکە بەمانای (پێدەر، هێنەر) پێکهاتووە و بەسەریەکەوە مانای مەرگ هێنەر یان بکوژ دەدا. بەپێی ئاڤێستا ئەژیدەهاکە خوڵقێنراوی ئەنگرۆمەینیۆیە، بەواتای گڕووترین و پیسترین گیان، لە دژی ئەفرێنراوانی مەزدا کە جوانترین و سپیترین گیانەکانن. لە کتێبی ئاڤێستا بەشی یەسنە، هائیتی ٩، بەندی ٨دا هاتووە: ئەنگرۆمەینیۆ، ئەژیدەهاکەی سێ سەری، سێ لمووزی، شەش چاوی بۆ لەناوبردنی ژیان و ئەفرێنراوانی مەزدا خوڵقاند.

| | |
|---|---|
| ئیۆۆ ژەنەت ئەژیم<br>دەهاکێم<br>ثریزەفەنێم<br>ثریکەمێرێجێم<br>خشووەش ئەشییم<br>هەزەنگرا ئیەئۆخێتییم<br>ئەشەوٚجەنگهێم<br>دەئێوویيم دروجێم<br>ئەغێم چەئێثاویۆۆ<br>دروەنتێم<br>ئیایم ئەشەوٚجەستێمایم<br>دروجێم<br>فرەچە کێرێەنتەت<br>ئەنگرۆۆ مەینییوش<br>ئەئۆی ئیایم<br>ئەستووەیتییم گەئێثیایم<br>مەهرکای ئەشەهێ<br>گەئێثەنیایم |  |

| |
|---|
| ئەو کەسەی کە لێیدا و کوشتی ئەژیدەهاکەی سێ لمووز، سێ سەر، شەش چاوی هەزار ئاخاوتەی لەناوبەر و دێوی درۆ و داپۆشەری زانین و درۆوەندی درۆخواز، ئائەم بەرجەستەترین درۆیەی کە دروستی کرد ئەهریمەن (گڕووترین گیان)، بۆ دژایەتی ئائەم ئاخی گەردوونە و بۆ مەرگی پاکترین جیهان. یەسنە: هائیتی ٩، بەندی ٨ |

لە زامیاد یەشت (کەرتی ٧، بەندی ٤٥-٥٤)دا جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەهریمەنی بوونی ئەژیدەهاکە دەکاتەوە. لەم بەشەی ئاڤێستادا ئەم ئەفسانەیە بەم جۆرە دەگێڕدرێتەوە:

(خوەرێنە) واتا شکۆی یەزدانی لە ئییمە (جەمشید) جیابووەتەوە و وەکو هێز و وزەیەکی پیرۆز بەردەوام لە گەڕاندایە و هەرکەس بەدەستی بێنێ، دەسەڵات و پاشایەتی دەستەبەر دەکا. سپێەنتەمەینیۆ و ئەنگرۆمەینیۆ بەتواناترین کەسەکانیان بۆ بەدەستهێنانی ئەم شکۆ و بەهرەمەندییە ڕەوانە دەکەن. سپێەنتەمەینیۆ سێ فریشتەی چالاک بەناوی (ڤەهوومەن، ئەرتەڤەهیشتە و ئاتەر) ڕەوانە دەکا. ئەنگرۆمەینیۆ (ئاکمەنە، هەئیشمە و ئەژیدەهاکە) ڕەوانە دەکا. ئاتەر واتە ئاگری ئەهورامەزدا بەخێرایی هەنگاوی هەڵبڕی و لەگەڵ خۆیدا گوتی: من ئەم خوەرێنە پیرۆزە بەدەست دێنم. بەڵام ئەژیدەهاکەی سێ لمووزی پیس و بۆگەن، بە دەم جنێودانەوە بەدوای ئاتەر کەوت و لێی لە هاواردا: بکشێوە و باش بزانە ئەی ئاتەری مەزدائەهورە، ئەگەر ئەم خوەرێنەیە بەدەست بێنی، بێگومان من یەکسەر لەناوت دەبەم بە چەشنێک کە جارێکی دیکە نەتوانی لەسەر زەوی، ڕووناکی بە ئافرێنراوی ئەهورامەزدا بدەی. ئاتەر بۆ پاراستنی جیهانی ڕاستی و پاکی، بیری کردەوە واز بێنێ، چونکە ئەژیدەهاکە زۆر مەترسیدارە. ئینجا ئەژیدەهاکەی سێ لمووزی بۆگەن خێراتر ڕۆیی و گوتی: من دەست بەسەر ئەم خوەرێنە نایابەدا دەگرم، بەڵام لە پشتییەوە ئاتەری مەزدائەهورا دەرکەوت و بە ڕاست و ڕەوانی گوتی: بکشێوە، باش بزانە ئەی ئەژیدەهاکەی سێ لمووز، ئەگەر تۆ دەست بەسەر ئەم خوەرێنە نایابەدا بگری، دڵنیابە من دەتسووتێنم. لەسەر لمووزت بڵێسەی ئاگر دادەگیرسێنم بە چەشنێک نەتوانی پێ لە زەوی ئەهورا


بکەیەوە بۆ وێرانکردنی جیهانی ڕاستی. ئینجا ئەژیدەهاکە لە ترسی گیانی خۆی دەستی کێشایەوە، چونکە ئاتەر سامناک بوو.


<table>
<tr>
<td>[illegible]</td>
<td>ئیەهمی پەیتی پەرێخوایثێ<br>سپێەنتەسچە مەنیوش<br>ئەنگرەسچە<br>ئەئێتەهمی پەیتی ئەت<br>ئەخوەرێتێ<br>ئەشتێ فرەنگهەرێچەیەت<br>ئاسیشتێ کەتەرەسچیت<br>ڤۆهوچە مەنۆ ئەشێمچە<br>ڤەهیشتێم<br>ئاتەرێمچە ئەهورەهێ مەزداو<br>پوثرێم<br>ئەنگرۆ مەینیووش ئەشتێم<br>فرەنگهەرێچەیەت<br>ئەکێمچە مەنۆ ئەێشمێمچە<br>خرووییدریم<br>ئەژیمچە دەهاکێم<br>سپیتیورێمچە ئیمۆ-کێرێەنتێم.</td>
</tr>
<tr>
<td colspan="2">هەموو بۆ ئەم نایابە، سپیترین گیان و هەرە گڕووترین گیان، هەوڵیاندا بۆ دەستەبەرکردنی خوەرێنە، شاندیان فرەچالاکترینی نێردراو، (سپیترین گیان) چاکترین ڕامان و چاکترین ڕاستی، ئاتەری کوڕی ئەهورامەزدای، هەرە گڕووترین گیانیش شاندی چالاکترین، پیسترین ڕامان، ئەیشمەی خوێنمژ، ئەژیدەهاکە و سپیتیورێی کەرتکەری ئییمە.<br><br>زامیاد یەشت: کەرتی ٧، بەندی ٤٦</td>
</tr>
</table>

| | |
|---|---|
| ئەتات فرەشا هانم ڕازەیەتە<br>ئاتەرش مەزداو ئەهوراهێ<br>ئویتی ئەووەثە مەئەنگهانۆۆ<br>ئەێتەت خوەرێنۆۆ هەنگێرێفشانێ<br>ئیەت ئەخوەرێتێم<br>ئائەت هێ پەسکات فرەدووەرەت<br>ئەژیش ثریزەفاو دوژدەئێنۆۆ<br>ئوتە زەخشەترێم دەۆمنۆۆ | [illegible] |
| لەم کاتەدا هاتەپێش ڕازاوە، ئاتەری مەزدا ئەهورا، لەگەڵ خۆی ئەوها بیری کردەوە، ئەم خوەرێنە نایابە دەخەمە ژێر هەنگڵم، هاتە پشتی بەخێرایی، ئەژی سێ لمووزی بۆگەنی بێ ویژدان، ئەوجا بەدەم جنێودان و دوانی پیس.<br>زامیاد یەشت: کەرتی ٧، بەندی ٤٧ | |

| | |
|---|---|
| ئینجە ئەووەت هەئەندە ئێسەیێ ئەنگوهە<br>ئیێزی ئەئێتەت نیاساوەنگهێ<br>ئیەت ئەخوەرێتێم<br>فرا ثوانم پەیتی ئەپاثا<br>نۆۆیت ئەپەیە ئوزرۆچەیای<br>زاوم پەیتی ئەهورەداتانم<br>ثراثرای ئەشەهێ گەئێثەنانم<br>ئەت ئاتەرش زەستە پەیتی ئەپە-گێورووەیەت<br>فرەخشنی ئوشتانۆۆ چینەهییە ئیەثە<br>ئەژیش بیویواو ئاوەنگهە | [illegible] |

| |
|---|
| بکشێوە و ئەوە باش بزانە ئەگەر، تۆ بتەوێ بەدەستی بێنی ئەم خوەرێنێیە نایابە، لەپڕ وەهات بەسەر دێنم، نەکەی پێڕابگەی ڕووناکی، بڵاوبکەیەوە لە زەوی ئەفرێنراوی مەزدا، بۆ پاراستنی جیهانی پاک، لێ ڕاما ئەم ئاتەرە دەستی بەردا بۆ ڕاگرتنی گیتی، فرە نەگریسە لە بنیاتەوە، ئەژیدەهاکەی بەوەی (زیانبەخش). زامیاد یەشت: کەرتی ۷، بەندی ٤٨ |

<table>
<tr><td></td><td>ئەتات فرەشە هانم دوەرەت<br>ئەژیش ثریزەفاو دوژدەئێنۆ<br>ئویتی ئەووەثە مەنگهانۆ<br>ئەئێتەت خوەرێنۆ هەنێگرێ<br>فشانێ<br>ئیەتئەخوەرێتێم<br>ئائەت هێ پەسکات<br>هانمرازەیەتە<br>ئویتی ڤەچێبییەش ئەئۆجەنۆ</td></tr>
<tr><td colspan="2">لەم کاتەدا دەرکەوت، ئەژیدەهاکەی سێ لمووزی بێ ویژدانی ناپاک، لەگەڵ خۆیدا گوتی: ئەم خوەرێنە نایابە دەخەمە ژێر هەنگڵم، هاتە پشتی بە ڕازاوەیی، ئەوجا گوتی ئەم قسەیە.<br>زامیاد یەشت: کەرتی، ۷، بەندی ٤٩</td></tr>
</table>

<table>
<tr>
<td></td>
<td>تینجە ئەووەت<br>هەندەئێسەیەنگوهە<br>ئەژی ثریزەفێم دەهاکە<br>ئیێزی ئەئێتەت نیاساونگهێ<br>ئیەت ئەخوەرێتێم<br>فرا ثوانم زەدانگهە پەیتی<br>ئوزوخشانێ زەفرێ<br>پەیتی ئوزرەئۆچەسێنی<br>نۆۆیت ئەپەییە ئەفرەپەتای<br>زاوم پەیتی ئەهورەداتانم<br>مەهرکای ئەشەهێ گەیٌثەنانم<br>ئەت ئەژیش گەووە پەیتی<br>ئەپە-گێورووەییەت<br>ئیەث ئاتەر بیوویوواو<br>ئاونگهە</td>
</tr>
<tr>
<td colspan="2">بکشێوە و ئەوە باش بزانە ئەگەر، ئەژیدەهاکەی سێ لمووز، تۆ بتەوێ بەدەستی بێنی ئەم خوەرێنێیە نایابە، لەپڕ ئاگرێکی وەهات لەسەر لمووزی دادەگیرسێنم، لەبن وەهات هەڵدەکڕووزێنم نەتوانی بەپێ بڕۆی، لەسەر زەوی ئەفرێنراوی ئەهورا، بۆ مراندنی جیهانی ڕاستی، ئەوجا ئەژیدەهاکە گەڕاندییەوە و لێگەڕا و ڕاما، چونکە ئاتەر بەوەی و سامناکە.<br>زامیاد یەشت: کەرتی ٧، بەندی ٥٠</td>
</tr>
</table>

بەپێی دەقی ئاڤێستا (ئابان یەشت، کەرتی ٨، بەندی ٢٩، ٣٠) ئەژیدەهاکە کەسێکی داگیرکەری خوێنڕێژ بووە و لە وڵاتی (بەئوری) واتا بابل هاتووە و دەستی بەسەر تەختی پاشایەتیدا گرتووە: ئەژیدەهاکە نزا بۆ ئەردەویسوورئاناهیتا دەکا کە هێز

و توانای پێبدا، تاکو بەسەر جیهاندا دەسەڵات بگێڕێ و زەوی لە مرۆڤ و بوونەوەر پاک بکاتەوە و گشتیان لەناو ببا. ئەم ئیزەدە نزا و قوربانییەکانی ئەژیدەهاکە پەسند ناکا، بەڵام هەر لە درێژەی ئەم بابەتەدا (ثرەئێتەئۆنۆ) واتا فەرەیدوون نزا و قوربانییەکانی ئاراستەی ئاناهیتا دەکا، تاکو بەسەر ئەژیدەهاکەی درۆپەرستی ستەمکاردا سەرکەوێ و لەناوی ببا. ئەم دیمەنە جارێکی دیکە لە ڕام یەشت (کەرتی ٥، بەندی ١٩)دا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەم جارەیان نزا و قوربانییەکانیان ئاراستەی ئیزەدێکی دیکە بەناوی (وایۆ) واتا ئیزەدی با دەکەن. لەم یەشتەدا کە بە ڕام یەشت ناسراوە، ناوی پایتەختی دەسەڵاتی ئەژیدەهاکە هاتووە. لە خوارەوەدا دەقی ئاڤێستایی (ئابان یەشت و ڕام یەشت)ی ئەم گێڕانەوەیە دەگوازینەوە:

| | |
|---|---|
| [illegible] | تانم یەزەتە ئەژیش ثریزەفاو دەهاکۆ<br>بەئوورۆۆیش پەیتی دەیەنگهۆووێ<br>سەتێم ئەسپەنانم ئەرشنەنم<br>هەزەنگرێم گەئانم<br>بەئێووەرێ ئەنومەیەنانم |
| بۆ وی نزای کرد ئەژیدەهاکی سێ لمووز، لە دێی (شاری) بەئووری (بابل)، سەت ئەسپ، هەزار گا دە هەزار مەڕی قوربانی کەرد.<br>ئابان یەشت: کەرتی ٨: بەندی ٢٩ | |

| | |
|---|---|
| [illegible] | ئائەت هیم جەئیذییەت<br>ئووەت ئاییەپتێم دەزدی<br>مێێ<br>ڤانگهوی سێوویشتێ<br>ئەردووی سوور ئەناهیتێ |

| | |
|---|---|
| ئیەتە ئەزێم ئەمەشیان<br>کێرێنەووانی<br>ڤیسپایش ئەۆی<br>کەرشووئان ئیایش هەپتە | |
| لە ئەو ویستی، ئەوەم پێبدە ئەو جەربەزەیە (توانستە)، ئەی بەتوانا و شایستەترین ئەی ئەردەوی سوور ئەناهیتا، هەتاکو ئەز بێ مرۆ بکەم، هەموو ئەو حەوت کیشوەرە. ئابان یەشت: کەرتی ٨: بەندی ٣٠ | |


لە کەرتی ٩ی ئەم یەشتەدا هەندێ زانیاریی نوێتر سەبارەت بە ئەژیدەهاکە هاتووە، کە بەهۆیەوە ئەم ئەفسانەیە ڕێڕەوێکی دیکە وەردەگرێ. لەم کەرتەدا فەرەیدوون نزا و قوربانی پێشکەشی ئەناهیتا دەکا، بۆ ئەوەی بەسەر ئەژیدەهاکەدا سەرکەوێ و دەستی بەسەر هەر دوو ژنەکەیدا بگرێ. هەر دوو ژنەکەی ئەژیدەهاکە بەناو ناویان هاتووە و (سەنگهە و واچی) واتا شەهرنەواز و (ئەرێنەواچی) واتا ئەرنەواز. ئەم دوو ئافرەتە (خوشک/هاوسەر)ی ئیمە یان جەمشید بوونە کە دوای ئەوەی ئەژیدەهاکە دەیکوژێ، دەست بەسەر هەر دوویاندا دەگرێ.

| | |
|---|---|
| ئائەت هیم جەئیذییەت<br>ئووەت ئاییەپتێم دەزدی مێێ<br>ڤانگهوی سێوویشتێ ئەردووی<br>سوور ئەناهیتێ<br>ئیەت بەووانی ئەیووی-ڤەییاو<br>ئەژییم دەهاکێم ثریزەفەنێم ثری<br>کەمێرێذێم<br>خشووەش-ئەشیم هەزەنگرە<br>ئیەئۆخشتیم<br>ئەشەئۆجەئەنگهێم دەئێوویم<br>درۆجێم<br>ئەغێم گەئێثاوویۆ درووەنتێم | [illegible] |

| | |
|---|---|
| | یانم ئەشەوٚجە ستێمانم دروجێم<br>فرەچە کێریەنتێت ئەنگروٚوٚ<br>مەینیوش<br>ئەئوٚی یانم ئەستووەیتیم گەئێثانم<br>مەهرکای ئەشەهیٚ گەئێثەنانم<br>ئوتە هیٚ ڤەئەنتە ئەژانی<br>سەنگهەوواچی ئەرێنەوواچی<br>ئیوٚوٚی هێن کێهرپە سرەئێشتە<br>زەزایتیٚ<br>گەئێثیای-تیٚ ئیوٚوٚی ئەبدوٚوٚتێمیٚ |
| لە ئەو ویستی، ئەوەم پێبدە ئەو جەربەزەیە (توانستە)، ئەی بەتوانا و شایستەترین ئەی ئەردەوی سوور ئەناهیتا، دەمەویٚ سەربکەوم بەسەر، ئەژیدەهاکەی سیٚ لمووزی، سیٚ سەری، شەش چاوی هەزار خشوٚکی چالاک، کە دژی خەڵکی دەجەنگیٚ ئەو دێوی دروٚیە، ئەم لێڵییەی جیهان و ئەم دروٚپەرستە، هێنای بەهێزترین و جێگیرترین دروٚ، کە دروستیکرد ئەهریمەنی ناپاک، ئەوی هێنایە سەر جیهان، بوٚ ئەوەی جیهانی ماددی، تووشی مەرگەسات بکا، تاکو من هەڵگرم دوو ژنەکەی، سەنگهەوواچی (شەهرناز) و ئەرێنەواچی (ئەرنەواز)، ئەوان هەیانە جەستەی سروشتی بوٚ زاوزیٚ، کە لە جیهاندا ئەوان جوانترینن.<br>ئابان یەشت: کەرتی ٩، بەندی ٣٤ | |

لە (ڕام یەشت)دا جارێکی دیکە ئەم زانیارییانە لە (کەرتی ٥ و کەرتی ٦) دووبارە دەبنەوە. تەنیا جیاوازی لەگەڵ یەشتی پێشوودا ئەوەیە کە سیمای فەرمانڕەوایەتی ئەژیدەهاکە لە پایتەختی دەسەڵاتەکەی کە هەمان کەڕەندە، نمایش کراوە. شاری کەڕەند دەکەوێتە کرمانشان و پایتەختی دەسەڵاتی ئەژیدەهاکە بووە. لە ئابان یەشتدا ئاماژە بە شوێنی فەرمانڕەوایەتی ئەم داگیرکەرە کراوە. هەروەها فەرەیدوون جارێکی دیکە هەمان داخوازی هەیە کە بەسەر ئەژیدەهاکەدا سەرکەویٚ

و دوو ژنەکەی بۆ خۆی ببا. ئەوەمان لەبیربێ، ئەو ئیزەدەی لەم یەشتەدا نزا و قوربانییەکانی پێشکەش دەکرێ، ئیزەدی (وایۆ) واتا (با) یان هەوایە. لە چەند شوێنێکی دیکەی ئاڤێستادا کە ناوی ئەژیدەهاکە یان فەرەیدوون هاتبێ، ڕێک ئەم گێڕانەوانە دووبارە دەبنەوە. لێرەدا توێژەر پتر ئەو دەقانە دێنێتەوە کە لەگەڵ ئەم گێڕانەوە سەرەکییەدا لە هەندێ شتدا جیاواز بن. لەم دەقەی خوارەوەدا هاتووە:

<table>
<tr><td></td><td>تێم یەزەتە ئەژیش ثریزەفاو دەهاکۆو<br>ئوپە کوویریەنتێم دوژیتێم زەرەنەئێنێ<br>پەیتی گاتووئۆو زەرەنەئێنێ<br>پەیتی فرەسپەیتی زەرەنەئێنێ<br>پەیتی ئوپەستەرێنێ<br>فرەستەرێتات<br>پەیتی بەرێسمەن<br>پێرێنەئێبیۆو<br>پەیتی غژارەیەتبیۆو</td></tr>
<tr><td colspan="2">بۆی کرد نزا ئەژیدەهاکەی سێ لمووز، لە کەڕەندی لەسەر دۆشەکی زێڕین، لەسەر باڵگەهی زێڕین، لەسەر فەرشی زێڕین، لەسەر ڕایەخی ڕاخسراو، پێیەتی بەرێسمەنی پانکراوە، پێیەتی هەموو شتێک فراوان.<br>ڕام یەشت: کەرتی ٥، بەندی ١٩</td></tr>
</table>

لە دەقی ئاڤێستادا دەردەکەوێ ئەم ئەفسانەیە پەیوەستە بە شێوازی بەڕێوەبردنی گەردوون. لەم بەڕێوەبردنەدا خوەرێنە دەورێکی بنچینەیی و کاریگەری هەیە. خوەرێنە بە مانای فەڕ و شکۆی یەزدانی دێ و لەلایەن یەزدانەوە بە کەسانی هەڵبژێردراوی ئەهورایی دەدرێ، تاکو لە جیهاندا لەسەر تەختی پاشایەتی دابنیشن و کاروباری جیهان بەڕێوەببەن. نابێ ئەم شکۆ یەزدانییە بکەوێتە دەستی کەسانی ناپاک و شەڕەنگێز و خوێنڕێژەوە. ئەم خوەرێنەیە دوای ئەوەی کە ئییمە یان جەمشید

ناپاکی کرد و دژی یەزدان وەستایەوە، لێی دوورکەوتەوە. سپێەنتەمەینیوو واتا گیانی پاک کە سەرۆکایەتی دیوان و بارەگای ئەهورامەزدای لە ئەستۆیە، هێزە چاکەکان ڕەوانە دەکا بۆ ئەوەی پارێزگاری لە فەڕ و شکۆی یەزدانی بکەن و پێشکەشی کەسی شیاوی بکەن. لەلایەکی دیکەوە ئەنگرۆمەینیۆ واتا هەرە گڕووترین و پیسترین گیان کە دواتر لە ئەدەبی کوردیدا بە ئەهریمەن ناسراوە، هێزە خراپەکانی ڕەوانە دەکا تاکو دەستی بەسەردا بگرن.

ئاتەر واتا ئاگر نوێنەرایەتی هێزی چاکە دەکا و ئەژیدەهاکە نوێنەرایەتی هێزی خراپە دەکا. بەریەککەوتنی ئەم دوو کەسایەتییە، لە چوارچێوەی یەزدانناسی مەزداییدا بە ململانێی هەرە دێرینی نێوان ئەهورامەزدا و ئەهریمەنەوە گرێدراوە. ئاتەر ئیزەد یان فریشتەیەکە کە بە کوڕی ئەهورامەزدا دانراوە و ئەژیدەهاکەش لەسەر شێوەی بوونەوەرێکی ئەفسانەیی خوڵقێنراوی ئەهریمەن بە سیمایەکی نیمچە خواوەندی دەردەکەوێ. ئەژدیهاییێکی سێ سەری، سێ لمووزی شەش چاوە و لەم شەڕ و ململانێیەدا نوێنەری ئەهریمەنە.

پێکهاتەی ئەم ئەفسانەیە بۆ ڕۆژگاری پێش دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتی دەگەڕێتەوە. ئاتەر و ئەژیدەهاکە لە سەردەمە دێرینەکاندا خواوەند بوونە، بەڵام لە سەردەمی دینی زەردەشتیدا پێگەیان بۆ پلەی ئیزەدی چاکی و ئیزەدی خراپی دابەزیوە. ئەم شێوازە لە دینی زەردەشتیدا زۆر باوە. زەردەشت لەکاتی ڕاگەیاندنی دینەکەی، سەرجەم خواوەندانی پێشووی ڕەتکردەوە و تەنیا ئەهورامەزدای بە خواوەندی تاک و تەنیا ناساند. لە سەردەمەکانی دواتردا کە ئاڤێستایان کۆکردەوە، زۆربەی ئەفسانەی خواوەندی ئایینەکانی دیکە خزانە ناو دەقی ئاڤێستای نوێ و لەم دۆخە نوێیەدا پلەی ئیزەد واتا فریشتەیان پێدرا. وەکو میترا، ئاناهیتا، زەرڤان، وایۆ و زۆرێک لە خواوەندەکانی دیکە. ئاتەر یان ئاگر لە ڕۆژگاری پێش زەردەشتدا لە ڕیزی خواوەندە سوودبەخشەکان بووە و ئەژیدەهاکە لە ڕیزی ئەم خواوەندە مەترسیدارانە بووە کە بە (دەئێڤە) بەمانای دێو ناسراوبوونە. ئەم دوو خواوەندە لە ئەفسانەی دینی زەردەشتیدا لە قاڵبی باوەڕی زەردەشتی دراون و ئاتەر بە هێما و


یاوەری خواوەندی چاکە واتە ئەهورامەزدا و ئەژیدەهاکە بە هێما و یاوەری خواوەندی خراپە واتە ئەهریمەن ناسێنراون. بەم چەشنە دەردەکەوێ ئەم دوو کەسێتییەی ناو ئەم ئەفسانەیە لە ڕۆژگاری کۆنتردا خواوەند بوونە و لە ڕێڕەوەی گەشە و گۆڕانی ئەفسانەییدا بۆ ئیزەد و دێو گۆڕاون.

لەلایەکی دیکەوە ئەفسانەی ئەژیدەهاکە لە ئاڤێستادا بە ئەفسانەی کۆتایی جیهان و ڕۆژی دوماهی پەیوەست کراوە کە ئەم بابەتە لە دەقە پەهلەوییەکاندا بەوردی گێڕدراوەتەوە و لە درێژەی توێژینەوەکەدا دەخرێنەڕوو. بەپێی دەقی ئاڤێستا ئەژیدەهاکە لە چیای (هەرەبەرزێتی) واتا هەرە بەرزترین کێو، بەند دەکرێ و لە کۆتایی جیهاندا سەرلەنوێ کۆت و زنجیر هەڵدەتەکێنێ و دژی ئەفراندنی پاکی ئەهورایی دەوەستێتەوە. لە درێژەی ئەم ئەفسانەیەدا کێرێساسپەی پاڵەوان دێت و لەناوی دەبا. لەم گێڕانەوەیەدا ئەژیدەهاکە وەکو دەجال دەردەکەوێ کە لە کۆتایی جیهاندا لە بەند ڕزگاری دەبێ و بۆ لەناوبردنی ئافرێنراوی مەزدا قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ و جیهان تووشی نەهامەتی و کاولکاری دەکا و دێو و درۆپەرستان دەست بەسەر جیهاندا دەگرن، ڕێک وەکو ئەم ڕۆڵەی لە دینە ئاسمانییەکان بۆ دەجال دەستنیشان کراوە. لەم کاتەدا ئەهورامەزدا فرمان دەردەکا کۆمەڵە پاڵەوانێکی نەمر لە خەو ڕابنەوە و بە یاوەری (سەئۆشیانتە) واتا ڕزگارکەر ئەم دێوە بەدفەڕە لەناو بەرن. یەکێک لەم پاڵەوانانە (کێرێساسپەی نەریمان)ە. ئەم بابەتە لە ئاڤێستادا گێڕدراوەتەوە و بەدیار دەکەوێ ئەژیدەهاکە لە بنچینەدا نەمردووە، بەڵکو لە چیای هەرە بەرزێتی بەند کراوە و لە کۆتایی جیهان بە دەستی کێرێساسپەی نەریمان دەکوژرێ. ئەم پاڵەوانەش بە ئیزنی مەزدا خەوێکی قووڵ دایدەگرێ و لەلایەن کۆمەڵە فریشتەیەک جەستەکەی دەپارێزرێ تاکو لە ڕۆژی دوماهی، لەخەو هەستێتەوە و ئەژیدەهاکە لەناو ببا.

لە دەقی ئاڤێستادا باسی پاراستنی ڕەوان و جەستەی کێرێساسپە کراوە کە لە کۆتایی جیهان هەڵدەستێتەوە و ئەژیدەهاکە و دارودەستەکەی لەناو دەبا. ڕابوونەوەی ئەم پاڵەوانە وەکو لەخەو هەستانەوەیەک وەسفکراوە. ڕەوان و جەستەی کێرێساسپە لەلایەن فریشتە یاخود ئیزەدەکانەوە پارێزگاری لێکراوە و دواجار بە فرمانی یەزدان هەستاوەتەوە. لە فەروەردین یەشتدا ئەم ئەفسانەیە گێڕدراوەتەوە.

| | |
|---|---|
| [illegible] | ئەشەئۆنانم ڤەنگوهیش سووراو<br>سپێنەنتاو<br>فرەوەشەیۆ یەزەمەیدێ<br>ئیاو ووانم کێهرپێم ئەیوویا<br>خشەیێانتی<br>ئیانم سەمەهێ کێرێساسپەهێ<br>ئیەت گەئێسائوش گەذەوەرەهێ<br>نەووەیتیشچە نەووەچە سەتە<br>نەووەچە هەزەنگرە نەووەسێسچە<br>بەئێووەن |
| پاک و بەهێز و بێگەرد و پیرۆز، ڕەوانان ستایش دەکەین، ئەوان کەوا پەیکەری دەپارێزن، ئی کێرێساسپەی نەوەی سام، کە پرچی (گێسو)ەکەی بەگوریزەیە، نۆ و نەود و نۆسەت، نۆ هەزار و نۆجاران دەهەزار.<br>فەروەردین یەشت: کەرتی ١٩، بەندی ٦١ | |

لە درێژەی ئەفسانەی خوەرێنە واتا فەڕ و شکۆی یەزدانی، لە زامیاد یەشتدا هاتووە، دوای ئەوەی خوەرێنە لە ییمە واتا جەمشید لەسەر شێوەی باڵندەیەک دوورکەوتەوە، یەکەمین جار لەلایەن ئیزەدی میترا گیراوە. دووەمین جار لەلایەن فەرەیدوون گیراوە. سێیەمین جار کێرێساسپەی نەریمان گرتییەوە. دوای ئەوەی باسی گرتنەوەی خوەرێنە لەلایەن ئەم پاڵەوانە دەکرێ، ئینجا ڕووداوی پاڵەوانێتییەکانی دەگێڕێتەوە. شەڕکردن و لەناوبردنی ئەژیدەهاکە گرنگترین و بەسوودترین کردەی پاڵەوانی ئەم شۆڕە سوارەیە کە لە کۆتایی جیهاندا ڕوودەدا. لە زامیادیەشتدا هاتووە لەم کاتەدا بە ئیزنی یەزدان کۆمەڵە سوارچاکێک ڕادەبنەوە تاکو یارمەتی سەئوشیانتە واتا ڕزگارکەر بدەن. یەکێ لەم سوارچاکانە کێرێساسپەی نەریمانە و ئەژیدەهاکە لەناو دەبا.


<table>
<tr><td>ئییەت ثریتیم خوەرێنۆۆ<br>ئەپەنێمەتە خوەرێنۆۆ ئییمییت<br>هەچە خشەشەئێتات<br>شووسەت خوەرێنۆۆ ئییمەت<br>هەچە ڤیووەنگهوشات<br>مێرێغەهێ کێهرپە ڤائەرەغنەهێ<br>ئەئۆم خوەرنۆۆ هەئەنگێورووەیەتە<br>نەرێ-ماناو کێرێساسپۆ<br>ئییەت ئاس مەشانانم ئوغرەنانم<br>ئەئۆجیشتۆۆ<br>زەرەثوشترات نەیرییەییات پەرۆۆ<br>هانم-ڤەرێتۆۆئیت</td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">دەڕوا بۆ سێیەمین جار خوەرێنە (فەڕ)، ئەو خوەرێنەیەی ئییمە (جەمشید) کە تیشک دەداتەوە، هەر ئەو خوەرێنەیەی ئییمەی کوڕی ڤیووەنگهو، بە پەیکەری مەلی (مەرغی) ڤارەغن، ئائەم خوەرێنەیە ئەنگووت بۆ نەریمانی کێرێساسپە، لەنێو هەموو مرۆڤاندا لە جەربەزەیی و ڕەشیدی، جگە لە زەردەشت بەهێزترینی بەهێزەکان بوو. زامیاد یەشت: کەرتی ٦، بەندی ٣٨</td></tr>
</table>

**٣- ئەژیدەهاکە لە سەرچاوە پەهلەوییەکاندا**

لە کتێب و دەقە پەهلەوییەکاندا وەکو کتێبی دینکەرد، بنداهێشن، مینوگی خیرەت، کێرێساسپ نامەگ و ...هتاد باسی ئەفسانەی ئەژیدەهاک گێڕدراوەتەوە. گێڕانەوەی ئەم ئەفسانەیە تاڕادەیەکی زۆر هەمان شێوە ئاڤێستاییەکەیە و جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان گێڕانەوەی ئاڤێستایی و دەقە پەهلەوییەکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەدی ناکرێ، تەنیا ئەوەندە نەبێ ڕووداوەکان لە دەقە پەهلەوییەکاندا هەندێک فراوان کراون. لە کتێبی دینکەرد و (کێرێساسپ نامەگ)دا ئەم ئەفسانەیە لەچاو کتێبی بنداهێشن و مینووگی خیرەت وردتر و فراوانتر گێڕدراوەتەوە. ئەوەی لە کتێبی

بنداهێشن و مینووگی خیرەتدا هاتووە دووبارەبوونەوەی هەمان ئەو وردکاریانەن کە لە دینکەرد و کێرێساسپ نامەگدا هاتووە.


کتێبی هەشتەمی دینکەرد کە پوختەی بیست و یەک کتێبی ئاڤێستای ڕۆژگاری ساسانییەکانی تێدا تۆمارکراوە، لە بەشی دوازدەهەمدا کاتێک باسی سەردەمی پاشاکان دەکا ئاماژە بە ناوی ئەژیدەهاکە دراوە. لەم باسکردنەدا تەنیا بەشی دووەمی ئەم ناوە واتا دەهاکە هاتووە. بەپێی گێڕانەوەی ئەم کتێبە ئیمە واتا جەمشید بە چاکی و بەباشی بەسەر حەوت نیشتماندا فەرمانڕەوایەتی کردووە و پاشان سەردەمی دەسەڵاتی دوژئاگایی واتا تاریکی و دوژخوتایی واتا ستەمکاری دەهاکە دەسپێدەکا، دوای ئەم سەردەمە تاریک و ستەمکارانەیە ڕۆژگاری دەسەڵاتداری ثریتوونە واتا فەرەیدوون دەست پێدەکا، کاتێک بەسەر دەهاکەدا سەردەکەوێ. هەر لەم دەقەدا ئاماژە بە نەژاد و نەتەوەی ئەژیدەهاکە کراوە و بەپێی دەقی پەهلەوی ئەم پاشا ستەمکار و داگیرکەرە لە نەژادی تاژیگ واتا نەژادی عەرەبە. ئەم بابەتە لە دەقی ئاڤێستادا بە شێوەی بئوری واتا بابلی ئاماژەی پێدراوە. دواتر هەر لەم توێژینەوەیەدا لەکاتی شیکردنەوەی دەقە کۆنەکانی ئاڤێستایی و پەهلەوی و بەڵگەنامە مێژووییەکان، پەیوەندی ئەژیدەهاکە بە نەتەوەی ئەکەد دەخرێتەڕوو کە لە بنچینەدا سامی نەژادن.

| | |
|---|---|
| زاکی ییمە سێ تیگەر هەپت کیشوەر خوتایی توخمەگی سەرووەبی، ئاگایی ژییش زەمانەگ سپێری، زەمانەگی هەچ بنداهیشن ئود خوتاییشی یمە فرژام. ئو زاکی هەپت کیشوەر دوش ئاگایی دووش خوتایی دەهاک سەرووەبی، پەتوەند ژیەش ڕەوەیەرۆ، تاژی هەئوشیەنگی برا و تاژیگان |  |

<table>
<tr><td>باو، و ئاگایی ڕۆیی ئەوی<br>زەمانەگ سپێری، زەمانەگی<br>هەچ هوخوتاییییمە فرژام،<br>ئود دوش خوتایی فرژامی<br>دەهاک، وە پەتوەندی هەژ<br>ییمە ئود پریتوون. زاکی<br>خوەنیریس خوتایی پریتوون<br>سەروەبی، پەوی ونیتنی<br>دەهاکی، ژەتنی مازنیان مەتا،<br>ئو خەرکینتی ئی خوەنیریس<br>پەوی سەرمی توژی ئیرەژی<br>ژیش سێ بوومی پەتەریتین.</td><td></td></tr>
<tr><td colspan="2">سێیەمین نەوە لە توخمی (کەیان-پاشاکان) کە بەسەر حەوت کیشوەردا کەیخوایی کرد ییمە بوو، زەمانی ئەو ژیان بە ئاگایی بەسەردەچوو، سەردەمێک لە نێوان ئەفراندنی بنچین تاکو ئەنجامی کەیخوایی ییمە. و نەوەی حەوت کیشوەر دژ ئاگایی(تاریکی) و دژ کەیخوایی(ستەمکاری) دەهاکە دەستی پێکرد، پشتی ژیان (واتا نەژاد و توخم)ی دەگەڕایەوە بۆ تاژی برای هۆشەنگ و باوکی تاژیگان (واتا عارەبان)، و ئاگایی نەما و ڕۆیی لەم زەمانەدا، سەردەمی کەیخوایی باشی ییمە کۆتایی هات، و دژ کەیخوایی و ستەمکاری دەهاک گەییە ئەنجام، بە دەستی فەرەیدوون کە لە پشت و توخمی ییمە بوو. سەردەمی دەسەڵاتی فەرەیدوون بەسەر خوەنەریس دەستی پێکرد، بەوەی کە دەهاکی ونکرد (لەناو برد)، ژەنی (لێیدا) لە دێوانی مازەنی، و خەڵکی خوەنەریسی بەسەر ئەو سەرم، تووژ و ئیرەژ سێ پار کرد.          دینکەردی هەشتەم، بەشی دوازدەم، بەندی ٧، ٨و ٩</td></tr>
</table>

لە کتێبی دینکەردی نۆیەم بەشی بیستەمدا کە لە (٢٤) بەند پێکهاتووە و کورتەی پەرگەردی بیستەمی نەسکی ئاڤێستایی (ڤوهوگ خشەترا) لەخۆ دەگرێ،


ڕووداوەکانی داستانی ئەژیدەهاکە وەکو چۆنییەتی بەدەسەڵات گەیشتن و کوشتنی ییمە و دەرکەوتنی فەرەیدوون و بەندکردنی ئەژیدەهاکە لەناو ئەشکەوت و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتەکەی وردتر باسکراون. لەم کتێبەدا هاتووە کە پەرگەردی بیستەمی نەسکی ڤوهوگ خشەترا باسی دەسەڵاتدارێتی ناڕەوایانەی ئەژیدەهاکە دەکا، کە چۆن بەیارمەتی دێوی ئەوداک کە دایکی خۆی بوو، بەسەر ییمە (جەمشید)دا سەر دەکەوێ و بەسەر حەوت کیشوەردا فەرمانڕەوایەتی دەکا و لەجیاتی ئەو ئاسوودەیی و بەختەوەری و نەمرییەی کە ییمە بەرهەمی هێنابوو، ناخۆشی و نەگبەتی و مەرگی بڵاوکردەوە. دواتر فەرەیدوون دەردەکەوێ و کۆتایی بە سەردەمی تاریکی دەسەڵاتی ئەم ئەژدیهایە دێنێ. کاتێک دەیەوێ بە گورز لە سەری بدا و ئەژیدەهاکە بکوژێ، ئەهورەمەزدا فرمان دەکا کە مەیکوژە، چونکە ئەگەر خوێنی پیسی ئەم بوونەوەرە نەگریسە بەسەر زەویدا بڕژێ، هەزاران جۆر جڕوجانەوەری خشۆک وەکو مار، شەوگەڕ، مارمێلکە و دووپشک و ...هتاد لێ پەیدا دەبێ؛ بۆیە دەبێ لەناو ئەشکەوتدا بەندی بکەی تا ڕۆژی خۆی دادێ و ...هتاد.

| | |
|---|---|
|  | ١- بیستەم پەرگەرتی ڤوهوگ خشەترا هەمبەر ستەهمەگی وەییتی دەهاکی خوتایی هەمبەر بوومی حەوت و پێش ڕووبەگی ژێش فرمان هەچ دێمان وەردیشن ٢- هەمبەر هەنجومەنیگان پرسیان یێ دەهاکی چما وێش ئامایی و هامبەستەگی مەرتوم ئاخۆ هەچ گرۆیتنی ییمە و خوتایەگی دەهاکی و مەرتوم لۆ دەهاکی پەرسیڤ |

| | |
|---|---|
| | ویپتن، ییمه ڕاویەر ئیەیتی نیازومەنتی هەچ گیهان، نییەتی و بیٚ شویناهی و سویٚ و تینوو، زارمانی و مرینی و شیوەن و مووی، سەرماگ و گەرماگی ئەپەتمەن، و هامیزشنی شائیێدا لەتەگ مەرتوم. |

١- بیستەمین پەرگەردی ڤوهوگ خشەترا سەبارەت بە ستەمکاری ئەژیدەهاک و سەروەریی ئەو بەسەر حەوت هەریٚم و پیٚشڕەوی فرمانەکانی ئەو بەسەر گشت شار و دێیەکانە. ٢- لە بەرانبەر ئەنجوومەن پرسییان کە بۆچی خەڵکی ڕوویان دە ئەژیدەهاک کرد لەپاش گروین (کوشتن)ی ییمە، بۆ فەرمانڕەوایەتی دەهاک و خەڵکی وەڵامی ئەویان دایەوە. ییمە هەژاری ڕاونابوو لە جیهاندا، نەداری و بیٚشویٚنی و برسیٚتی و تینوویەتی، ئازار و مردن و شیوەن و گرین، سەرما و گەرمای بیٚویٚنە و ئاویٚتەکردنی دێوان لەگەڵ مرۆڤەکان.

دینکەردی نۆیەم، پەرگەردی بیستەم: ٥١

| | |
|---|---|
|  | ٨- و هەمبەر نەهێتنی فەریتوون دەهاک و مەرگانیدەن ڕای و ژەنی هەچ پیل و مل و سەری و نەمرتنی دەهاک هەچ ئی ژەنیشنە. ٩- و ئاخر پەوی شووپشیر ژەتن و پەوی فراتووم (و) دووتیگەر (و) سێتیگەر ژەنیشنی هەچ تەنووی دەهاک کۆبیت هانینەگ خرەفستران وەشتەن. ١٠ - گوتەیتی داتاری ئەهورمەزد ئەوی فەریتوون(:) ئەیژیش نەگروینە ئی دەهاک، مەهینەش گروین دەهاکی پور دینی زەمیگ و هەرگوون هەچ گەز و هون گەڕەک و گەژدوم و کیربۆق و کەسەلک و وژی. لەوەتا هانینەگ بەستەنی پەوان شکەفت بەند کەر بە گەرانترین پادافەرەشی هەنبێشان. |
| ٨- سەبارەت بە لەناوبردنی ئەژیدەهاک لەلایەن فەرەیدوون و لێدانی لە بن پیل و سەر و مل و نەمردنی دەهاک بەم لێدانە. ٩- و لە کۆتادا بەم شمشێرە ویستی لێیبدا | |

| |
|---|
| و بە لێدانی یەکەم و دووەم و سێیەم لە جەستەی دەهاک کۆدەبێتەوە و بەدیدێن کۆمەڵەی خشۆکەکان و بڵاودەبنەوە. ١٠- گوتی داداری ئەهورەمەزدا بە فەرەیدوون: فەرمووی مەیگروێنە (مەیکوژە) ئەم دەهاکە، مەیکوژە دەهاکی (چونکە) زەوی پڕ دەبێ لە هەموو جۆرە مار و شەوگەڕ و دووپشک و بۆق و کیسەڵ و مارمێلکە. لەبەر ئەوە هێنای و بەستیەوە لەم ئەشکەوتەدا و بەندی کرد بە گرانترین سزای زۆر بە ئێش و ئازارەوە.<br>دینکەردی نۆیەم، پەرگەردی بیستەم: ٥١-٥٢ |

لە دەستنووسێکی پەهلەویدا بە ژمارە (MU 29) کە لە سێ بەش پێکهاتووە و بەشی یەکەمی بەناوی (کێرێساسپ نامەگ) ناوزەد کراوە، ئەم بەشەی ئەفسانەی ئەژیدەهاکە گێڕدراوەتەوە و کە پەیوەستن بە پاڵەوانێتی کێرێساسپە و تێیدا ئەم ئەفسانەیە بە ڕووداوەکانی دوماهی و کۆتایی جیهان بەستراوەتەوە. بەپێی ئەم دەستنووسە لە دوماهیکدا ئەژیدەهاکە زنجیر دەپچڕێنێ و لە چیا دادەبەزێ و دژی ئافرێنراوانی یەزدان دەوەستێتەوە، بەڵام پاڵەوانێک بەناوی (سامی نەریمان) ئەم دوژمنە سامناکەی مرۆڤ و ژیان دەکوژێ. سامی نەریمان هەمان کێرێساسپەی نەریمانە کە لەم دەقەدا بەناوی باوکی کە سام بووە ناوی براوە. نەریمان بەمانای نێر و پاڵەوانە. جێگەی ڕامان و هەروەها سەرنجڕاکێشە کە لەم دەقەدا ئەم ڕۆژەی کێرێساسپەی نەریمان ئەژیدەهاکە دەکوژێ، ڕۆژی نەورۆزە.

| | |
|---|---|
| پەت نامی داتاری ئوهرمەزد<br>ئێنەژ پەیداگ کو فریتون<br>ئەژیدەهاک ئۆژەنیت<br>کامیست، ئوهورمەزد گۆت<br>کو: نا مە ئۆژن، چ<br>زەمیگ پوڕ خرفستەر<br>بووەوێت کو هەندور<br>ڕیستاخیز | |

| | |
|---|---|
|  | هەمەگ دێوان و دڕوجان ئەم<br>زەمیگ پەراگەند ئاپەڕەنت<br>ئەم شۆن زەرتوشت کو هەچ<br>پێش دێوان پەراگەند.<br>ئێک مانگ خوەرشیت هەچ<br>ئاسمان ئەو ئاسمان<br>ستاوویت. هەمەگ مەرتوم<br>ئیتوون گیهان مەرگومەت بیت<br>ئوجا ئی زەمیگ دێوان<br>پراگەند ئوجا دەهاک<br>ڕای هەچ دیماوەند کووف<br>خلاس کرت ئی زەمیگ<br>ئاتیپتی. هەمەگ دێوان و<br>دڕوجان ڕای خوارت<br>ئوجا ئەژیدەهاک ڕای مانگی<br>فرورتین ڕۆژی خۆرتاو<br>سامی نەریمان ئەژیدەهاک<br>ڕای بی ئۆژەت. |

**بەناوی داداری ئەهورەمەزدا**

ئەمەش پەیدایە کە فەرەیدوون ویستی لە ئەژیدەهاک بدا (و بیکوژێ) ئەهورەمەزدا گوتی: نا مەیکوژە، چونکە زەوی پڕ لە (زیندەوەری) خشۆک دەبێ کە لە ڕۆژی دوماهی و کۆتایی جیهاندا گشت (ئەم) دێو و درنجانە لەسەر ئەم زەوییە پەراگەندە دەبن. بە هەمان شێوە ئەی زەردەشت کە لە پێشتر دێوان پەراگەندە بووبوون. یەک مانگ خۆر لە ئاسمانەوە بۆ ئاسمان وەستا. هەموو خەڵکی و هەروەها گەردوون مردن (و لەناو چوون) ئینجا لەم زەوییەدا دێوان بڵاو بوونەوە، ئینجا (ئەوان) دەهاکیان لە چیای دەماوەند دەربازکرد، بۆ زەوی هات.

سەرجەمی دێو و درۆپەرستانی خوارد. ئینجا ئەژیدەهاکی لە مانگی فەروەرتین ڕۆژی خۆرداو (ڕۆژی نەورۆز) سامی نەریمان ئەژیدەهاکی کوشت.
(MU, 70)

لە کتێبی (بنیداهێشن)دا سەبارەت بە ئەژیدەهاکە و کوشتنی لە کۆتایی جیهاندا هاتووە: ((سەبارەت بە ئەژیدەهاکە کە بیوەرئەسپیشی پێدەڵێن، دەڵێن کاتێک فەرەیدوون ئەوی گرت، نەیتوانی بیکوژێ، بۆیە لە کێوی دەماوەند بەندی کرد، کاتێک کە دەربازی ببێ، سامی نەریمان ڕادەبێتەوە و بە گورز لێیدەدا و دەیکوژێ. (بهار، ۱۳۹۰، ۱۲۸) لە کتێبی (مینووگی خیرەت)دا هاتووە: لە کۆتایی جیهاندا ئەژیدەهاکە لە بەندی فەرەیدوون ڕزگاری دەبێ و دووبارە بەسەر خەڵکی و دێوەکاندا فەرمانڕەوایەتی دەکاتەوە و دەست بە لەناوبردنی ئافراندنی مەزدایی دەکا و فرمان دەدا هەر کەسێک ئاو و ئاگر و ڕووەک لەناو نەبا، بیگرن و لەناوی بەرن. ئاگر و ئاو و ڕووەک سکاڵا بۆ یەزدان دەبەن. (تفضلی، ۱۳۹۱، ۷۹) درێژەی ئەم گێڕانەوەیە لە کتێبی (زەندی وەهومەن یەسن)دا بەم جۆرەیە: ئینجا ئاو و ئاگر و ڕووەک، سکاڵا و گلەیی خۆیان بۆ بارەگای یەزدان دەبەن. داوا لە ئەهورامەزدا دەکەن فەرەیدوون زیندوو بکرێتەوە، تاکو ئەژیدەهاکە لەناو بەرێ. دەڵێن: ئەی ئەهورامەزدا! ئەگەر ئەم کارە نەکەی ئیتر ئێمە ناتوانین بەکارەکانمان ڕابین و لەناو دەچین. ئینجا ئەهورامەزدا فرمان بە ئیزەدی سرووش و نەریوسەنگ دەکا پەیکەری کێرێساسپەی نەریمان بجوولێنن، تاکو لە خەوی قووڵ بەخەبەر بێتەوە. ئیزەدی سرووش و نەریوسەنگ دەچنە لای کێرێساسپە و سێ جار بانگی دەکەن و جاری چوارەم نەوەی سام سەرکەوتووانە ڕادەبێتەوە و ڕووبەڕووی ئەژیدەهاکە دەبێتەوە و بە تەواوی هێزەوە بە گورزی گران لە کەللەی سەری ئەژیدەهاکە دەدا و دەیکوژێ. (راشد محصل، ۱۳۷۰، ۱۹)

**٤- ئەفسانە، داستان، مێژوو**

ئەفسانەی ئەژیدەهاکە لە ڕووی مێژووییەوە بۆ دەوروبەری هەزارەی چوارەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە. هۆی دەستنیشانکردنی ئەم مێژووە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەژیدەهاکە لە ڕۆژگاری ییمە یان جەمشیددا دەردەکەوێ. بەپێی توێژینەوەکان ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی جەمشید لە هەزارەی پێنجەمی پێش زایین دەستپێدەکا و لە کۆتاییەکانی هەزارەی چوارەمی پێش زایین کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی دێ. بەپێی مێژووی ئەفسانەیی گەلی کورد کە لە کتێبی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان هەڵێنجراوە، مێژووی ئەفسانەی دەرکەوتنی ئەژیدەهاکە دەوروبەری **٣٠٣٥**ی پ.ز بووە و دەسەڵاتەکەی نزیکەی ١٠٠٠ ساڵی خایاندووە (حسن، ٢٠١٣، ٥٧) ئەفسانەیەکی دێرینی لەم چەشنە لە ماوەی زەمەنی دوورودرێژی نێوان دەرکەوتن و ڕۆژگاری تۆمارکردنی، بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندا دەبێ. ئەم گەشە و گۆڕانەش لە ئەنجامی کاریگەری و کارتێکردن لە کۆمەڵە ئەفسانەیەکی دیکەدا دێتەئاراوە، بۆیە دەکرێ کەسایەتی ئەژیدەهاک لەگەڵ کەسایەتی ئەفسانە دێرینەکانی میزۆپۆتامیادا بەراورد بکرێن. لە بەراوردکردنی لەگەڵ ئەفسانەی میزۆپۆتامیا بەتایبەتی ئەفسانەی سۆمەری دەشێ کۆمەڵە هاوبەشییەک لەنێوان ئەم ئەژدیها-خواوەندە لەگەڵ ئەژدیها-خواوەندی کینگۆی سۆمەری دەسنیشان بکرێن. لە ئەفسانەی سۆمەریدا کینگۆ یەکێک لە ((ئەژدیها-خواوەندەکانە و سەرۆکایەتی لەشکری تیامەت لە دژی خواوەندەکانی لە ئەستۆیە و لە کۆتاییدا لەلایەن مەردۆخەوە لەناو دەبرێ.)) (ساندرز، ١٣٧٨، ٣٠)

هەر ئەم ئەفسانەیە دواتر لە قۆناغێکی مێژوویی بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و شارستانی ڕەنگی داستان وەردەگرێ و مرۆڤی ئاسایی وەکو کاوە کە نوێنەرایەتی خەڵکی پیشەگەر و ئاسایی ناو کۆمەڵگە دەکا لە بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکاندا ڕۆڵ دەبینێ. هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە بۆ ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵی مرۆڤ دەگەڕێتەوە. لە کۆمەڵگەی دەوروبەری هەزارەی یەکەمی پێش زاییندا ئاستی تێگەیشتنی تاک و کۆمەڵ لەچاو هەزارەکانی پێشوو پێشکەوتووتر بووبوو، بۆیە بە ئاوەز و خەیاڵی سەردەمیانە، هەوڵی شیکردنەوەی ئەفسانە دێرینەکانیان دراوە. لەم

ڕێگەیەشدا ڕووداوە مێژووییەکان وەکو کەرەستەیەکی خاو بۆ ئەم شیکردنەوانە بەردەست کراون. بێگومان مێژوو لە ڕۆژگاری کۆندا لە چوارچێوەی ئەفسانە و داستاندا تۆمارکراون و پارێزراون. هاوشێوەبوونی ڕووداوە مێژووییەکان لەگەڵ گێڕانەوە ئەفسانەییەکان، ڕێگەی بەم تێکەڵکردنە داوە. بۆیە لە سەردەمی کۆندا ئەفسانەی ئەژیدەهاکەی ئاڤێستا بە لەناوچوون و ڕووخانی دەوڵەتی مادەکانەوە پەیوەست کراوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم یەکسان زانینە بۆ گیانی دوژمنکارانەی ئەم نەتەوانە و دەسەڵاتدارانە دەگەڕێتەوە کە وڵاتەکانیان لەلایەن مادەکانەوە داگیر کرابوون. نووسەرانی ئەرمەنی هەر لە دێر زەمانەوە بەهۆی ئەوەی ژێردەستەی مادەکان بوون، ئەستیاگی پاشای مادەکانیان بە ئەژیدەهاک ناساند. ((لە ئەفسانەی ئەرمەنیدا مادەکان بە نەوەی ئەژدیها ناوبراون.)) (آیوازیان، ١٣٩١، ١٤٧) لەکاتێکدا ناوی دوایین پاشای مادەکان بە زمانی مادی (ئەرشتەڤیگۆ) بووە(رضی، ١٣٨٤، ٢٠٩) نەک ئاستیاگ، ئەم ناوە لەلایەن هیرۆدۆتەوە بە شێوەی ئاستیاژ یان ئاستیاگ تۆمار کراوە (هرودوت، ١٣٨٥، ٩٢) و هەر ئەوەش وایکردووە لە لاپەڕەکانی مێژوودا بە ئاستیاگ تۆمار بکرێ کە لە ناوی ئەژیدەهاکەوە نزیکە.

ئەفسانەی ئەژیدەهاکە لە بنچینەدا ئەفسانەیەکی خواوەندی بووە. واتا خواوەندەکان یاخود نیمچە خواوەندەکان تێیدا ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە. کۆنترین دەق کە ئەم ئەفسانەیەی تێدا تۆمار کرابێ، ئاڤێستا بووە. دینی زەردەشتی لە بنچینەدا دژی فرەخواوەندی و خورافیات بووە، بۆیە لەکاتی گواستنەوەی ئەم ئەفسانەیە لەگەڵ بیروباوەڕ، جیهانبینی و فەلسەفی دینیی خۆیاندا گونجاندوویانە. لە قۆناغی یەکەمدا پاڵەوانە سەرەکییەکانی ئەم ئەفسانەیە لەسەر بنەمای فەلسەفەی دووالیزمی چاکی و خراپی لە چوارچێوە دراون. پاڵەوانە سەرەکییەکان لە پلەی خواوەندی بۆ پلەی ئیزەد واتا فریشتە و پلەی دێو کە نوێنەرایەتی هێزی خراپە دەکەن، دابەزێنراون. ئیزەدی ئاتەر نوێنەرایەتی هێزی چاکە و ئەژیدەهاکە نوێنەرایەتی هێزی خراپە دەکەن. لە قۆناغی دووەمدا مرۆڤیش وەکو پاڵەوانی ناو ئەفسانەکە دەردەکەون. ئییمە یان جەمشید، ثریتوونە یان فەرەیدوون و کێرێساسپە.

لە ئەدەبیاتی سەردەمی ئەشکانی و ساسانیدا ئیتر ئەم ئەفسانەیە بەرەبەرە بەرەو داستان جێگۆڕکێی پێدەکرێ. ئەژیدەهاکە وەکو مرۆڤێکی ستەمکار و خوێنڕێژ دەردەکەوێ کە مرۆڤەکان لەناو دەبا و دەیانکوژێ. بۆ ئەوەی پاساوێک بۆ خوێنڕێژیی ئەم پاشا ستەمکارە بێننەوە، سوود لە ئەفسانەیەکی دێرین وەردەگرن کە تێیدا ئەژیدەهاکەی سێ سەر پاشایەکی ستەمکار و خوێنڕێژە. لە ڕۆژگاری ئەشکانی و ساسانییەکاندا بوونی مرۆڤ-ئەژدیهایێکی سێ سەر ئاسایی و باوەڕ پێکراو نەبووە. لێرەدا بۆ ئەوەی خەیاڵ و بیری خەڵکی سەردەم بۆ دەرکەوتنی مرۆڤێکی سێ سەر ئامادە بکەن ((ڕووداوەکان بەم چەشنە دەگێڕنەوە کە بەهۆی ئەهریمەنەوە دوو مار لەسەر شانەکانی پاشای داگیرکەر و ستەمکار دەڕوێن و ئەژیدەهاکە بەهۆی ئەم دوو مارە شێوەی سێ لمووز و سێ سەر و شەش چاو وەردەگرێ.)) (صفا، ١٣٩٠، ٤٤٤) پاشای ستەمکار بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکەی بپارێزێ، بە بەردەوامی خەڵکی ناڕازی لەناو دەبا. دیسان بۆ ئەوەی هۆکارێک بۆ خوێنڕشتنی ئەم پاشایە بێننەوە. بە هزری ئەفسانەیی باسی ئەوە دەکەن کە ئەم دوو مارەی سەر شانی تەنیا بە خواردنی مێشکی مرۆڤ ئارام دەبن. بەم پێیە هەموو ڕۆژێک دوو کەس لە هاوڵاتییان قوربانی دەکرێن و مێشکیان بۆ خۆراکی مارەکان ئامادە دەکرێ. لە شانامەی فیردەوسیدا ئەم بابەتە بەم جۆرە گێڕدراوەتەوە:

| | |
|---|---|
| چنان بد کە هر شب دو مرد جوان | چە کهتر چە از تخمەء پهلوان |
| خورشگـــر ببـــردی بـــایوان شاه | همی ساختـــی راه درمان شـاه |
| بکشتـــــی و مغــــــزش بپـرداختی | مران اژدها را خورش ســاختی |
| | (فردوسی، ١٣٧٨، ١٨) |
| بەم چەشنە هەموو شەوێک دوو گەنج جا چ لە خەڵکی ئاسایی بن یان خانەدان بن<br>چێشت لێنەر بۆ چێشتخانەی پاشایەتی دەیبردن و هەوڵی دەرمان و چارەسەرکردنی پاشای دەدا<br>دەیکوشتن و مێشکیانی پاک دەکردەوە تاکو بۆ ئەم ئەژدیهایە (مارەکانی سەر شانی زوحاک) چێشتی لێ ئامادە بکا. | |

لە سەردەمی ئیسلامیدا بوونی کەسێک (زوحاک) کە دوو مار لەسەر شانی ڕووابن، باوەڕ پێکراو نەبووە. لێرەدا جارێکی دیکە ئەفسانەکە بەپێی بیر و هزری سەردەم هەموار دەکرێتەوە. مارەکان دەگۆڕێن بۆ دوو دوومەڵی گەورە. پاشای ستەمکاری خوێنڕێژ دوو دومەڵی گەورەی لەسەر شان دەرکەوتوونە و ئازاریان هەیە. تەنیا مێشکی مرۆڤە کە وەکو هەتوان بۆ سارێژی ئەم دوو دومەڵە چارەساز دەبێ. (بیروونی) سەبارەت بەم بابەتە و بەسەردەمیانە کردنی شێوەی زوحاک یان ئەژیدەهاکە و گونجاندنی لەگەڵ ئاوەز و تێگەیشتنی سەردەم دەنووسێ: ((هەندێ دەڵێن دوو مار لەسەر شانی ئەودا دەرکەوتن کە خۆراکیان مێشکی مرۆڤ بوو و هەندێکی دیکە دەڵێن دوو دومەڵ لەسەر شانی دەرچووبوون و ئازارەکەیان تەنیا بە هەتوانکردنی مێشکی مرۆڤ چارەسەر دەبوو.)) (البیرونی، ١٣٨٠، ٢٨٢)

لێرەدا ڕێڕەوی ئەفسانەکە بەم چەشنە لە ئەژیدەهاکەی سێ سەری، سێ لمووزی شەش چاو کە جۆرە دێوێکی ئەهریمەنییە، بۆ ئەژیدەهاکەی پاشا (مرۆڤ) دەگۆڕێ کە دوو مار لەسەر شانی دەرکەوتوون. بە وێناکردنی دیمەنی ئەژیدەهاکەی دێو و ئەژیدەهاکەی مرۆڤ، هەمان وێنەی ئاڤێستا بەدیدەکرێ. هەر دوویان سێ سەر، سێ لمووز و شەش چاویان هەیە؛ بەڵام لە سەردەمی ئیسلامیدا دیمەنی ئەژیدەهاکە لە سەرەتادا وەکو مرۆڤێکی مار لەسەر شان و دواتر وەکو مرۆڤێکی ئاسایی دەردەکەوێ کە دوو دومەڵی گەورەی لەسەر شان ڕوواون. ئەم گۆڕانکارییە لە ناوەکەشدا دەبینرێ. ئەژیدەهاکەی ئاڤێستا و دەهاکەی دەقەکانی سەردەمی ساسانی لە سەردەمی ئیسلامیدا بۆ زوحاک دەگۆڕێ.

گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەژیدەهاکە/ زوحاکی سەرچاوەکانی سەردەمی ئیسلامی لە شێوازی ئەفسانەیی بۆ شێوازی داستان جێگۆڕکێی پێدەکرێ. ئەم گۆڕانە بەهۆی دەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەر و شۆڕشە مەزنەکەی بووە. شۆڕشی کاوەی ئاسنگەر بە زمان و شێوازی داستان گێڕدراوەتەوە. لە هیچ شوێنێکی ئاڤێستا و دەقی ڕۆژگاری ساسانیدا ناوی کاوەی ئاسنگەر نەهاتووە. لەبنچینەدا مێژووی ئەفسانەی ئەژیدەهاکە بۆ سەردەمی پێش چاخی ئاسن دەگەڕێتەوە، سەردەمێک کە هێشتا مرۆڤ دەستی بە تواندنەوە و کوتانی ئاسن نەکردبوو. بۆیە دەشێ بگوترێ

ناونەهێنانی کاوە کە پیشەی ئاسنگەر بووە لە دەقی ئاڤێستا و شیکردنەوەی ئەم ئەفسانەیە لە دەقە پەهلەوییەکاندا ئاسایی و ڕەوا بووە. دەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەر لە قۆناغی ئەفسانەیی ئەم گێڕانەوەیەدا دەرکەوتنێکی نالۆجیکی بووە، بۆیە لە سەردەمی ساسانی و دواتر لە سەردەمی ئیسلامیشدا کە لە دەقە پەهلەوییەکاندا ئەم ئەفسانەیە گێڕدراوەتەوە و شیکردنەوەی بۆ کراوە ناوی کاوەی ئاسنگەر بەدی ناکرێ. لەلایەکی دیکە دەرکەوتنی ناوی کاوە لە قۆناغی داستانیی ئەم ڕووداوە بابەتێکی دیکەیە، چونکە لە قۆناغی داستانیی ئەژیدەهاکە یان زوحاکدا بێگومان ئاسن و پیشەی ئاسنگەری بابەتێکی باو و ئاسایی و تەنانەت گرنگیش بووە.

داستانی کاوەی ئاسنگەر لە سەردەمی ئیسلامیدا لەلایەن کۆمەڵە مێژوونوسێکی ناودارەوە گێڕدراونەتەوە، وەکو بەڵعەمی، تەبەری، بەڵخی، بیروونی، دینەوەری و ...هتاد. سەرجەمی ئەم گێڕانەوانە لە ڕووی ناوەڕۆک و بابەتی سەرەکی یەک شتن و تەنیا لە هەندێ وردەکاری و ڕووداوی لاوەکی هەندێ جیاوازی بەدیدەکرێن. (صفا، ١٣٩٠، ٤٥٧-٤٥٨) کتێبی شانامەی فیردەوسی یەکێک لە گرنگترینی ئەم سەرچاوانەیە کە داستانی کاوەی ئاسنگەر و زوحاکی تێدا تۆمارکراوە. بەپێی بۆچوونی (تەفەزوڵی) سەرچاوەی فیردەوسی و گشت مێژوونووسانی ئیسلامی بۆ نووسینەوەی ئەم داستانە، کتێبی خوتاینامەگی پەهلەوییە کە لە سەردەمی ساسانییەکان نووسراوە و لەلایەن (ئیبن موقەفەع)ەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە. کتێبە پەهلەوی و ڕەسەنەکەی خوتاینامەگی ساسانییەکان لەناوچووە، بەڵام وەرگێڕانە عەرەبییەکەی سەرچاوەیەکی سەرەکی بووە بۆ ئەم مێژوونووس و ئەدیبانەی کە داستانی زوحاکی خوێنمژ و کاوەی ستەملێکراویان گێڕاوەتەوە. (تفضلی، ١٣٨٣، ٢٧٣) کۆنترین سەردەم کە بشێ بۆ داستانی کاوەی ئاسنگەر بەپێی دەقی مێژوویی و شوێنەوار و بەڵگە مێژووییەکان دەسنیشان بکرێ، بۆ ڕۆژگاری ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە. ((بەسەرهاتی کاوە لە دەقە کۆنەکان بە هیچ شێوەیەک باس نەکراوە و لە داستانە نوێیەکانی سەردەمی ئەشکانی و ساسانییە.)) (صفا، ١٣٩٠، ٥٥١) بەم چەشنە دەرکەوتنی ناوی کاوە لە داستانی لەناوبردنی ئەژیدەهاکە بۆ

سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە و لە سەردەمی ساسانییەکان ئەم داستانە لە کتێبی خوتاینامەگ بە دوایین گەشە و گۆڕانەکانییەوە تۆمار کراوە.

بەپێی کتێبی شانامەی فیردەوسی لە داستانی کاوەی ئاسنگەر و زوحاکدا هاتووە، کاوە بەهۆی ئەوەی کوڕەکانی بۆ دوو ماری سەر شانی پاشا قوربانی کراون و وا دوا ڕۆڵەشی بەرەو کوشتارگەی پاشا دەبەن؛ ڕادەپەڕێ و داوا لە خەڵکی دەکا هاوشانی ئەو ڕاپەڕن و دژی زوحاک شۆڕش بکەن. کاتێک خەڵکی لەگەڵیدا ڕادەپەڕن، کاوە پێشبەندە چەرمەگایەکەی دەکاتەوە و بەسەر ڕمێکەوە هەڵیدەواسێ. پێش خەڵکی دەکەوێ و پشتیوانی لە فەرەیدوون دەکا و دەسەڵاتی ستەمکارانەی زوحاک دەڕووخێنن و فەرەیدوون، ئەم پاشا خوێنڕێژە لە چیای دەماوەند بەند دەکا و چونکە لە نەوەی کەیان و پاشایانە وەکو پاشای وڵات دەستبەکار دەبێ. (فردوسی، ١٣٨٧: ١٧-٣٠) هەروەک ئاشکرایە پێشبەندی ئاسنگەرانەی کاوە دەبێتە ڕەمز و هێمای سەرکەوتن، بۆیە بە دروشمی کاوە دادەنرێ. (ابن البلخی) سەبارەت بەم بابەتە دەڵێ: پاش ئەوەی فەرەیدوون سەرکەوتوو بوو، چەرمەکەی کاوەی بە خشڵ ڕازاندەوە و ناوی لێنا دروشمی کابیان و لە گشت جەنگەکاندا وەکو هێمای سەرکەوتن هەڵدەکرا. (البلخی، ١٣٨٥، ٣٥) لە دەقی سەردەمی ساسانیدا دروشمی پاشاکان کە هەمان ئالایەکی لە چەرمی گا یان پڵنگ و شێر بووە، بە دروشمی کابیگان یان دروشمی کابیان ناسراوە. لە زمانی کۆنی کوردیدا کابیان یان کاویان واتا هی کاوە. بۆیە لە سەردەمی ئیسلامیدا ناوی کاوە بە بنچینەی سەرەکی داستانەکە دانراوە، ((بەڵام لە بنچینەدا ناوی دروشمی کاویان لە وشەی کەوی واتا پاشا یان کاویان وەرگیراوە کە بە شێوەی ئاوەڵناو بەکار هاتووە.)) (صفا، ١٣٩٠، ٥٥٤)

لە دەقی ئاڤێستادا وشەی کەڤی بەمانای کەیخوا، کێخوا و میر و پاشا هاتووە. لە زمانی ئێستای کوردیدا کیان واتا دەسەڵات و پاشایەتی هەر بەم مانایە بەکار دێ. لە پرۆسەی گۆڕانی ئەم ئەفسانەیە بۆ داستان و جێگۆڕکێی پاڵەوانە خواوەندەکان بۆ پاڵەوانە مرۆڤەکاندا بابەتێکی سەرنجڕاکێش هەیە. لە ئەفسانەی ئەژیدەهاکەی سێ سەری ئاڤێستادا، ململانێ لە نێوان ئیزەدی ئاتەر و ئەژیدەهاکە بۆ گرتنی خوەرێنە بووە. ئاتەر واتا ئاگر پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پیشەی ئاسنگەرییەوە هەیە. ئاتەر کە

پێشووتر خواوەندی ئاگر بووە، لە ئەدەبیاتی زەردەشتی (ئاڤێستای نوێ)دا پێگەی بۆ ئیزەدی پارێزەری ئاگر و ئاسن و ئاسنگەری دەگۆڕێ. بە مانایەکی وردتر ئاتەر دەبێتە پاشای ئاسنگەران، واتا کەوی ئاتەر. لە ڕێڕەوی گۆڕانی ئەفسانە بۆ داستان ئەم کەوی یان ئیزەدەی ئاسنگەری دەگۆڕێ بۆ مرۆڤێک کە پیشەی ئاسنگەر بووە. لە میانی ئەم گۆڕانەدا کەوی ئاتەر شوێنی خۆی بە کاوەی ئاسنگەر دەدا.

لە ئەفسانەی ئەژیدەهاکەی ئاڤێستادا بە پشتیوانی ئیزەدی ئاتەر و لەسەر دەستی ثرەئیتوونە واتا فەرەیدوون، ئەژیدەهاکە لە دەسەڵات دەخرێ و بەند دەکرێ. لە داستانی کاوەی ئاسنگەر و زوحاکدا کاوەی ئاسنگەر هەمان ڕۆڵی ئیزەدی ئاتەر دەبینێ و یارمەتی فەرەیدوون دەدا، تاکو زوحاک لە دەسەڵات دوور بخاتەوە و فەرەیدوون جێگەی بگرێتەوە. کەواتە ناوی کاوە لەبنچینەدا بەمانای کەوی یان کەڤی واتا خواوەند یان سەروەر بووە و ئەم ناوە لە دروشمی کەویان بەمانای ئاڵای پاشایی کە دواتر بە دروشمی کاویان یان دروشمی کاوە ناسراوە، پتر ڕوون دەبێتەوە. هەروەها لە کتێبی (نەورۆزی کورد)دا هاتووە: خواوەندی ئاگر و ئاسن لە سۆمەریدا ناوی کیبیل بووە و ئەم ناوە گۆڕاوە بۆ کاوە. (حسن، ٢٠١٢، ٧٢) ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کاوە لە قۆناغی ئەفسانەییدا خواوەند یان ئیزەد بووبێ.

داستانی کاوەی ئاسنگەر لە ڕێڕەوی گەشە و گۆڕانی خۆیدا ڕەهەندێکی مێژوویی وەردەگرێ. ئەم بە مێژوو گرێدانە بەهۆی لێکچوونی ناوی ئاستیاگی دوا پاشای ماد و ئەژیدەهاکە ڕوویداوە. لە بنچینەدا گرێدانی ئەم داستانە بە مێژووی ڕووخانی دەوڵەتی ماد، بنەمایەکی مێژوویی نییە و دوورە لە ڕاستی، چونکە ئەفسانەی ئەژیدەهاکە و لەناوچوونی لەسەر دەستی فەرەیدوون بە پشتیوانی ئیزەدی ئاتەر کە لە زامیاد یەشت و فەروەردین یەشتدا هاتووە و مێژوویەکی چەند هەزارساڵەی هەیە. پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ماد یان بەلایەنی کەم لە سەردەمی مادەکان لە ئاڤێستای نوێدا تۆمار کراوە و شێوەی نووسینی وەرگرتووە. واتا نووسینەوەی ئەم ئەفسانەیە لە سەردەمی مادەکان بووە، ئایا دەکرێ ڕووداوێک ڕووی نەدابێ، بەڵام بگێڕدرێتەوە؟! ئەرتەر کریستن‌سن پێیوایە بەپێی بەڵگە مێژوویی و زمانییەکان دەقی یەشتەکانی ئاڤێستا لە نێوان سەدەی نۆیەم تاکو سەدەی پێنجەمی پێش زایین نووسراون و

نووسینەوەی ئەم دوو یەشتە (زامیادیەشت و فەروەردین یەشت) کە ئەم ئەفسانەیەی تێدا تۆمار کراوە بۆ سەردەمی مادەکان دەگەڕێتەوە. (کریستن‌سن: ١٣٨٢، ١٣٨) جگە لەمە (ئیقرار عەلییێف)یش هەمان ڕای هەیە و پێیوایە ئەم بەشانەی ئاڤێستا لە چارەگی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین تۆمار کراون. (علی‌اف، ١٣٨٨، ٣٣٣) واتا لە ١٠٠٠ی پێش زایین تاکو ٧٥٠ی پێش زایین. لە پێشتریش ئاماژە بەوە دراوە ئەم ئەفسانەیە لە سەردەمی پێش دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتی هەبووە، بەڵام لە سەردەمی زەردەشتیدا بۆ ئەوەی لەگەڵ بنەماکانی ئەم ئایینە بگونجێ، بەرگێکی نوێ و سەردەمیانەی وەرگرتووە.

لە ئەفسانەی ئەژیدەهاکەی ئاڤێستادا ئەژیدەهاکە وەکو دێو و ئەژدیهایەکی خوێنمژ و دوژمنی ئافرێنراوی ئەهوورایی پێناسە کراوە کە لەلایەن ئەهریمەنەوە بۆ لەناوبردنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و گەردوون خوڵقێنراوە. ئەم ئەژدیها سێ سەرە دژی دەسەڵاتی پاک و بێگەرد و پڕ لە خۆشگوزەرانی ییمە (جەمشید) دەوەستێتەوە و دەیگرێ و دەیکوژێ و دەست بەسەر پاشایەتی ئەودا دادەگرێ. بە هەمان شێوە لە داستانی کاوەی ئاسنگەردا هاتووە، زوحاک کەسێکی خراپکار و دوژڕەفتار بووە و باوکی خۆی دەکوژێ و دەست بەسەر تاج و تەختی باوکی دادەگرێ. ئەم بابەتە لە ئەفسانە و لە داستاندا تاڕادەیەکی زۆر لە ڕووی ناوەڕۆکەوە یەکن. داگیرکردنی تەختی پاشایەتی و کوشتنی پاشای پێشوو هەم لە ئەفسانە و هەم لە داستانەکەدا هاوبەشە.

لە ئەفسانەی ئەژیدەهاکەی ئاڤێستادا ئیزەدی ئاتور یان خواوەندی ئاگر دژی ئەژیدەهاکە دەوەستێتەوە و یارمەتی ثرەیتونە یان فەرەیدوون دەدا و ئەژیدەهاکە لە دەسەڵات دەخەن و لە چیای هەرە بەرزێتی بەند دەکەن و لە کۆتایی جیهاندا کێرێساسپە بە ئیزنی یەزدان ڕادەبێتەوە و لەناوی دەبا. لە داستانی کاوەی ئاسنگەردا کاوە دژی زوحاک ڕادەپەڕێ و بەمەبەستی ڕووخاندنی دەسەڵاتی زوحاکی ستەمکار یارمەتی فەرەیدوون دەدا. فەرەیدوون بە یارمەتی کاوەی ئاسنگەر زوحاک دەگرێ و لە چیای دەماوەند بەندی دەکا و کۆتایی بە سەردەم و ڕۆژگاری تاریک و پڕ ستەمی ئەم ستەمکارە دێنن. کەواتە ڕێڕەوی گەشەی ئەفسانەکە بۆ داستان بە ئاشکرایی

دیارە، چونکە بنچینەی ڕووداوەکان و بابەتی سەرەکی پارێزراوە؛ جیاوازییەکە لەوەدایە لە ئەفسانەدا خواوەندەکان ڕۆڵ دەبینن و لە داستاندا مرۆڤەکان جێگەی خواوەندەکان دەگرنەوە.

بە بەراوردکردنی ئەفسانەی ئەژیدەهاکە و داستانی زوحاک، ئاشکرا دەبێ کە ئەم ئەفسانەیە لە ڕێڕەوی گەشە و گۆڕاندا بەرەو داستانی کاوەی ئاسنگەر لە گۆڕاندا بووە و بەپێی سەردەم تایبەتمەندی داستانی وەرگرتووە و بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەشکانی و ساسانییەکاندا دوایین شێوەی خۆی وەرگرتووە کە لە چوارچێوەی دەقی خوتاینامەگ واتا بەسەرهاتی پاشاکان تۆمار کراوە. لەلایەکی دیکەوە پەڕینەوەی ڕووداوی مێژوویی بۆ ناو ئەفسانە و داستان و هەروەها بەپێچەوانەوە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی نەتەوەییە، چونکە ئەفسانە و داستان لە ڕۆژگاری کۆندا مەودایەکی گونجاو بۆ تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان بوونە و هەروەها لە گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان سوود لە کەرەسەی ئەفسانەیی و داستان وەرگیراوە.

پەیوەندیی نێوان ئەفسانەی ئەژیدەهاکە و داستانی زوحاک بە مێژووی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕووداوی ڕووخانی دەوڵەتی ماد، بابەتێکی هەستیارە کە لە کۆنترین سەدەکان و هەر لە دوای ڕووخانی ئەم ئیمپراتۆرییەتە بەرباس بووە. هەروەک لە کتێبی (مێژووی ماد)دا هاتووە: دەوڵەتی ماد و پاشا بەهێزەکانیان لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی خۆیاندا کۆمەڵە وڵات و هەرێمێکی بەرفراوانیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. (دیاکونوف، ٢٥٣٧، ٢٧٢) ئەرمینیا یەکێک لەم وڵاتانە بووە، چونکە لە کۆتایی سەردەمی مادەکاندا تیگرانی حاکمی ئەرمینیا لە ئاستیاگ یاخی دەبێتەوە و هێرش دەکاتە سەر خاکی ماد و دواجار سەربەخۆیی ئەرمینیا ڕادەگەیێنێ. (اقرار علی‌اف) سەبارەت بەم بابەتە دەنووسێ: لە سێ ساڵی کۆتایی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا ئاستیاگ شەڕی مان و نەمانی دەکرد، لەم ماوەیەدا خانەدانانی ماد خیانەتیان لێکرد و ویلایەتەکانی ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی مادیش یاخی بوونەوە، بەم چەشنە ئاستیاگ و دەوڵەتەکەی لە کۆتایی ئەم شەڕانەدا یەکجار لاواز بوون و لەم ناوەندەدا یاخیبوونەوە و هێرشی کاولکارانەی تیگرانی یەکەمی پاشای ئەرمینیا بۆ هەرێمەکانی باکووری ماد زەبرێکی کوشندە بوو. (علی‌اف، ١٣٨٨، ٤١٥)

ئەرمەنییەکان لە نووسینەوەی مێژوودا زۆر بە توندی و بە ڕقەوە لە مادەکان دەدوێن، بۆ نموونە (موسی خوەرێنایی) مێژوونووسی ئەرمەنی سەدەی پێنجەمی زایینی لە کتێبەکەیدا بەناوی مێژووی ئەرمینیا ڕووداوی شەڕی نێوان (ئاژداهاک/ئاستیاگ)ی مادی و (تیگرانی یەکەم)ی ئەرمەنی دەگێڕێتەوە و ناوی پاشای مادەکانی بە ئاژداهاک تۆمار کردووە. لەم گێڕانەوەیەدا ئاماژە بەوە دەکا کە ئاژدەهاک هەوڵدەدا خیانەت لە تیگران بکا و لەناوی ببا، بەڵام تیگران بەهۆی خوشکییەوە کە هاوسەری ئاژداهاکە لەم بابەتە ئاگادار دەبێتەوە و بەم چەشنە داوا لە ئاژداهاک دەکا بە مەبەستی ڕاوێژپێکردن و چارەسەرکردنی هەندێک کێشە، لە سنووری نێوان ئەرمینیا و ماد کۆببنەوە. لەکاتێکدا پاشای ماد بۆ کۆبوونەوە خۆی ئامادە دەکا، تیگران بەسەر نیشتمانی ماددا دەدا و دەست بە تاڵان و کاولکاری دەکا. (Khorenats'I, 1978, 118) گێڕانەوەی ئەم بابەتە لەلایەن موسای خوەرێنایی لایەنگیریی پێوە دیارە، چونکە لە بنەڕەتدا تیگران لەگەڵ خانەدانانی ماد و هاوسەری پاشای ماد کە خیانەتیان لێی کردووە دەستی تێکەڵ کردووە و لە ئاستیاگ یاخیبووەتەوە و خیانەتی لێکردووە و لەگەڵ کۆڕشی ئەخمینیدا هاوپەیمانێتی لە دژی پاشای ماد گرێداوە. ئەم ڕق و کینەیە هەر لە دێرزەمانەوە بووەتە هۆی ئەوەی بە مەبەست ئاستیاگی پاشای ماد لەڕووی ستەمکاری و خوێنڕشتنەوە بە ئەژیدەهاکەی ئاڤێستایی بچوێندرێ. بەپێی بۆچوونی (ئایوازیان) زۆربەی ئەفسانە ئەرمەنییەکان کە لە سەردەمی تیگرانی دووەم بەرهەم هاتوون، دوایین پاشای مادەکان بە ئاژداهاک و سەرجەمی خەڵکی ماد بە ئەژدەها نەژاد ناوبراون. (آیوازیان، ١٣٩١، ١٤٤-١٤٧) ئەم سەردەمەی ئایوازیان ئاماژەی پێداوە واتا سەردەمی تیگرانی دووەم دەوروبەری سەدەی یەکەمی پ.ز دەگرێتەوە و لەگەڵ سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەشکانییەکان هاوکاتە.

پێشتر ئاماژە بەوە درا داستانی کاوەی ئاسنگەر و زوحاک لە سەردەمی ئەشکانییەکان سەری هەڵداوە و لە سەردەمی ساسانییەکان دوا نوسخەی لە کتێبی خوتاینامەگدا تۆمار کراوە. بەم چەشنە دەردەکەوێ هەستی دوژمنکارانەی ئەرمەنییەکان لە بەرانبەر مادەکان و ئاستیاگ، هۆکاری جێگۆڕکێی ئەفسانە و مێژوو بووە و ئەوان دەورێکی باڵایان هەبووە لە بڵاوەپێکردنی ئەم مێژووە دەسکاری کراوە.

ئەگەر هەر پەیوەندییەکی مێژوویی لەنێوان ئەفسانەی ئەژیدەهاکە و ڕووداني ڕووخاندن و لەناوبردنی دەسەڵاتێکی ستەمکار لە کوردستان هەبووبێ، ئەوە بێگومان ئەم ڕووداوە ڕووخانی دەوڵەتی ماد نەبووە، چونکە ئەژیدەهاک و زوحاک لە ئەفسانە و داستانەکانیاندا لە دژی پاشا یان دەسەڵاتداری وڵات شۆڕش دەکەن و لەناوی دەبەن و دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن، لەکاتێکدا لە بەڵگەنامە مێژووییەکان هیچ ئاماژەیەک سەبارەت بە پیلانگێڕێ ئاستیاگ بەسەر پاشای پێشوودا تۆمار نەکراوە و بەپێی سەرجەم تۆمارە مێژووییەکان لەلایەن باوکییەوە تەخت و تاجی پاشایەتی دەوڵەتی مادی بە میرات بۆ ماوەتەوە.

زۆربەی ڕووداوە مێژووییە دێرینەکان ڕەنگی ئەفسانە و داستانیان وەرگرتووە و بە زمان و هزری ئەفسانەیی و داستانی لە یادگەی کۆمەڵگەدا پارێزراوە. سەردەمی دەرکەوتنی ئەژیدەهاکە بەپێی مێژووی ئەفسانەیی گەلی کورد بۆ هەزارەی چوارەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە و ماوەی دەسەڵاتدارییەکەشی نزیکەی هەزار ساڵی خایاندووە. مێژووی دەسپێکی فەرمانڕەوایەتی ئەژیدەهاک بۆ دەوروبەری ٣٠٣٥ی پ.ز دەگەڕێتەوە و نزیکەی ١٠٠٠ ساڵ حوکمڕانی کردووە. ساڵانی ئەم سەردەمە لە کوردستانی دێریندا هاوکاتە لەگەڵ دەسەڵاتی گووتییەکان کە لە ساڵی ٢٢٣٠ی پ.ز کۆتاییان بە دەسەڵاتی ئەکەدییەکان هێناوە. (احمد، ٢٠٠٥، ٨٦٠) بەبۆچوونی (دیاکۆنۆف) نارم سین پاشای ئەکەد لەم شەڕەدا تێکشکاوە و کوژراوە. (دیاکونوف، ٢٥٣٧، ١٠٤) (محمد مردۆخی کوردستانی) سەبارەت بەم بابەتە دەنووسێ: لە ٢١٩٢ی پ.ز فەرەیدوونی پێشەوای پێشدادی بەهاوکاری کاوەی مادی دژی زوحاکییەکان شۆڕشیان کردووە و وڵاتی پێشدادییەکانیان لە کۆیلایەتی کەلدە و زوحاکییەکان ڕزگار کردووە. (کوردستانی، ٢٠١١، ٣٠) لە دەقە ئاڤێستاییەکەی ئەفسانەی ئەژیدەهاکەدا هاتووە کە ئەژیدەهاک خەڵکی وڵاتی (بەئوری) واتا بابل بووە و دوای ئەوەی دەسەڵات وەردەگرێ، کەڕەند بە پایتەختی خۆی دەسنیشان دەکا. کەڕەند لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی کرماشان هەڵکەوتووە.

ئەم ئەفسانەیە ئەگەر پەیوەندی بە مێژووی ڕووخانی دەوڵەتێکەوە هەبێ، ئەوە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە لەناوبردن و ڕووخاندنی دەوڵەتی بیانی ئەکەدییەکان لە خاکی

کوردستان کە لەلایەن ئەوانەوە داگیر کرابوو. ئەژیدەهاکە هێمای نەتەوەی سامی نەژادی ئەکەدییە و گووتییەکانیش بێگومان میرنشین و فەرمانڕەوای دێرینی کورد بوونە، بۆیە ئەگەر پەیوەندییەکی مێژوویی لەنێوان ڕووداوی ئەفسانەی ئەژیدەهاکە و ڕووداوی مێژوویی ڕووخانی پاشایەتییەکی داگیرکەر و ستەمکار هەبێ، ئەوە بێگومان ڕووخانی دەوڵەتی ئەکەدی لەلایەن گووتییەکان باشترین نموونەی مێژووییە؛ چونکە هەم لە ڕووی سەردەمەوە زۆر لەیەک نزیکن، هەم لەلایەن کوردەوە کۆتایی بە دەسەڵاتی بێگانە هێنراوە.

داگیرکەرانی کوردستان بەتایبەتی لە سەتساڵی ڕابوردوودا لەڕێگەی سڕینەوەی مێژوو و شارستانییەت و شوناسی نەتەوەیی گەلی کورد، هەوڵیان داوە ڕووداوە مێژوویی و دەسکەوتە فەرهەنگییەکانی ئەم نەتەوەیە بشێوێنن. لەم ناوەندەدا تێڕوانینی دوژمنکارانەی نووسرانی کۆنی ئەرمەنییان بەردەست کردووە و ئەفسانەی ئەژیدەهاکە یان داستانی کاوەی ئاسنگەر و زوحاکیان بە ڕووخانی دەوڵەتی مادەوە گرێداوە، تاکو هزری تاکی کورد لە فەلسەفەی نەورۆز کە جەژنی سەرکەوتنی ستەملێکراو بەسەر ستەمکارە بترازێنێ و وای نیشان بدا کورد لە نەورۆزدا جەژنی ڕووخانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دەگێڕێ و لە ئەنجامدا گیانی شۆڕش و ڕاپەڕین دژی ستەمکاران لە پەروەردەی نەتەوەیی ئەم گەلە کز و لاواز بکاتەوە.

**ئەنجام:**

١- بەپێی دەقی ئاڤێستا ئەفسانەی ئەژیدەهاکە لە بنچینەدا ئەفسانەیەکی خواوەندی بووە و دواتر لەژێر کاریگەری باوەڕ و جیهانبینی دینی زەردەشتی بۆ ئەفسانەی پاڵەوانی گۆڕاوە.

٢- ئەفسانەی ئەژیدەهاکە لە ڕێڕەوی گەشەی مێژووییدا بەرەو داستان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و داستانی کاوەی ئاسنگەر و زوحاک لە هەناوی ئەم ئەفسانە دێرینەوە بەدیهاتووە.

٣- لە ئەنجامی ئەم گەشە و گۆڕانەی لە ئەفسانەوە بۆ داستان بەسەر گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتەدا هاتووە، کەسێتییەکان لە پلەی خواوەندییەوە بۆ ئیزەد یان فریشتە و دواجار بۆ مرۆڤ لە گەشە و گۆڕاندا بوونە.

٤- لە ئەنجامی گەشە و گۆڕانی کەسێتییەکان ئاشکرا دەبێ، ئەژیدەهاکە لە قۆناغی ئەفسانەی خواوەندیدا ئەژدیها-خواوەند بووە لە قۆناغی ئەفسانەی پاڵەوانێتی بۆ ئەژدیها-مرۆڤ گۆڕاوە و لە قۆناغی داستان بۆ مرۆڤ-پاشای ستەمکار گۆڕاوە. هەروەها خواوەندی ئاتەر لە ئەفسانەی خواوەندیدا یەزدان-ئاتەر بووە. لە قۆناغی ئەفسانەی پاڵەوانێتیدا ئیزەد یان کەوی-ئاتەر بووە. لە قۆناغی داستاندا بۆ کاوەی ئاسنگەر گۆڕاوە.

٥- ئەم ئەفسانە یان داستانە لە دێرزمانەوە بە ڕووخانی دەوڵەتی دێرینی نەتەوەی کورد واتا دەوڵەتی ماد گرێدراوە. ئەم بابەتە پەیوەستە بە پرسی سیاسییەوە و هیچ پەیوەندییەکی مێژوویی و کولتووری و لۆجێکی لەنێوان ئەم ئەفسانەیە و ڕووخانی دەوڵەتی ماددا بەدی ناکرێ. چونکە هەر لە دێرزەمانەوە ئەم بابەتە مەبەست و مەرامی سیاسی و دوژمنکارانەی لە پشتەوە بووە. نووسەرانی ئەرمەنی بەهۆی ئەوەی چەندین سەدە ئەرمینیا لەلایەن مادەکانەوە داگیر کرابوو و باجی بەم دەوڵەتە دەدا. لە دوای ڕووخانی ماد، لێکچوونی ناوی ئەژیدەهاکەی ئەفسانە و ئاستیاگی پاشای ماد بەهەل دەزانن و لەکاتی نووسینەوەی ئەفسانە و مێژووی گەلی ئەرمەنییدا لەناوچوونی ئەژدیدەهاکە و ئاستیاگ و ڕووخانی دەوڵەتی ماد پێکەوە گرێدەدەن و بەم چەشنە ئەم تێکهەڵکێش کردن و پێکەوە گرێدانە، لە سەردەمی نوێدا لەلایەن نەیاران و دوژمنان و داگیرکەرانی خاکی کوردستان وەکو ئامرازێک بەکار دەبرێ تاکو کورد و نەورۆز و شۆڕش و بەدەستهێنانی مافی گەل لێک بترازێنن.

٦- لە دەقی ئاڤێستادا ئەژیدەهاک بە بەئووری واتا بابلی ناسێنراوە، لە دەقی پەهلەوی بە تاژیگ بەمانای عارەب و لە دەقی ڕۆژگاری ئیسلامیشدا بە عارەبی خەڵکی یەمەن ناسێنراوە. سەرجەمی ئەم ناساندنانە ئەمە ئاشکرا دەکەن کە ئەژیدەهاکە یان زوحاک سامی نەژاد بووە. سەردەمی دەرکەوتن و لەناوچوونی ئەژیدەهاکە کە نزیکەی هەزار ساڵی خایاندووە، بەپێی مێژووی ئەفسانەیی گەلی کورد بۆ ساڵانی نێوان ٣٠٣٥ تاکو ٢٠٣٥ی پێش زایین دەگەڕێتەوە کە ئەم سەردەمە تاڕادەیەکی زۆر هاوکاتە لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکارانەی ئەکەدییە سامی نەژادەکان بەسەر خاکی کوردستانی دێریندا؛ بۆیە ئەگەر بەدوای پەیوەندییەکی مێژوویی

لەنێوان ئەفسانەی ئەژیدەهاکە و ڕووخانی دەوڵەتی ستەمکارانەی بیانی لە خاکی کوردستاندا بگەڕێین، بێگومان دەشێ ئەم پەیوەندییە بە مێژووی ڕووخاندنی دەوڵەتی ئەکەدی لەسەر دەستی پاشای گووتییەکان بەراورد بکرێ.

**سەرچاوەکان:**


١- آیوازیان، ماریا-ترزیان (١٣٩١)، اشتراکات اساطیری و باورها در منابع ایرانی و ارمنی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، چاپ اول، تهران

٢- البلخی، ابن (١٣٨٥)، فارس‌نامه، تصحیح و تحشیه رینولد گای لیسترانج، انتشارات اساطیر، چاپ اول، تهران

٣- البیرونی، ابی الریحان محمد بن احمد (١٣٨٠)، الاثار الباقیة عن القرون الخالیة، محقق پرویز اذکایی، مرکز پژوهش میراث مکتوب، چاپ اول، تهران

٤- بهار، مهرداد (١٣٩٠)، بندهش، انتشارات توس، چاپ چهارم، تهران

٥- تفضلی، احمد (١٣٨٣)، تاریخ ادبیات ایران پیش از اسلام، نشر سخن، تهران

٦- تفضلی، احمد (١٣٩١)، مینوی خرد، نشر توس، چاپ پنجم، تهران

٧- حسن، مولود ابراهیم (٢٠١٢) نەورۆزی کورد.. لە ئەفسانەوە بۆ بە جیهانی بوون!، دەزگای بەدرخان، چاپی یەکەم، هەولێر

٨- حسن، فرهاد عزیز (٢٠١٣)، ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر

٩- دیاکونوف (٢٥٣٧). تاریخ ماد، ترجمهء کریم کشاورز، انتشارات پیام، چاپ دوم، تهران

١٠- راشد محصل، محمد تقی (١٣٨٥) زند بهمن یسن، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، چاپ دوم، تهران

١١- رضی، هاشم (١٣٨٤)، دین و فرهنگ ایرانی پیش از عصر زرتشت، انتشارات سخن، چاپ دوم، تهران

١٢- ساندرز، ن.ک (١٣٨٧)، بهشت و دوزخ در اساطیر بین النهرین، ترجمه ابوالقاسم اسماعیل پور، انتشارات کاروان، چاپ سوم، تهران

١٣- صفا، ذبیح‌الله (١٣٩٠)، حماسه سەایی در ایران، انتشارات فردوس، چاپ پنجم، تهران

١٤- علی‌یف، اقرار (١٣٨٨)، پادشاهی ماد، ترجمه کامبیز میربهاء، انتشارات ققنوس، چاپ اول، تهران

١٥- فردوسی، ابوالقاسم (١٣٨٧)، شاهنامه، بکوشش سعید حمیدیان، نشر قطره، چاپ سیزدهم، تهران

١٦- کریستن سن، آرتور (١٣٨٢)، مزداپرستی در ایران باستان، برگردان دکتر ذبیح الله صفا، انتشارات هیرمند، چاپ پنجم، تهران

١٧- مردوخی کوردستانی، محمد (٢٠١١)، مێژووی کورد و کوردستان، وەرگێڕانی زانەر محمد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر

١٨- م. او. **٢٩** دەسنووسی دەقی پەهلەوی زانکۆی شیراز.

١٩- هرودوت (١٣٦٢). تاریخ هرودوت، جلد اول، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ دوم، تهران

20- Karl. F. Geldner(1886). Avesta I, Kohlhamer, Stuttgart

21- Karl. F. Geldner(1889). Avesta II, Kohlhamer, Stuttgart

22- Karl. F. Geldner(1896). Avesta III, Kohlhamer, Stuttgart

23- Khorenats'I. Moses(1978), History of the Armenians, Translation and Commentary on the Literatry Sources by Robert W. Thomson, Harward University Press, London

24- Madan, D. M (1911) The Complete Text Of The Pahlavi Dinkard, Part II, Books VI – IX, Printed at the Fort Printing Press, No 1. Bombay.

## چکیده

## اسطوره‌ی اژیدهاکه یا حماسه‌ی ضحاک

اسطوره به مثابه‌ی اثری اندیشه‌گرا و فلسفی و زبانی، بیانگر جهانبینی و اعتقادات آدمی در اعصار متمادی بوده است و همگام با پیشرفت فکری و فلسفی و کاربرد زبان روبه توسعه بوده و خود را با تفکر عصر هماهنگ کرده‌است. اساطیر در عرصهء ادبیات سرچشمه‌ای بکر برای انواع مختلف ادبی است و به‌همین سبب در مسیر گسترش و گذر زمان جدا از اینکه در درون خود دچار تحول و دگرگونی می‌شود، أنواع ادبی دیگر نیز از آن پدیدار می‌گردند. حماسهء کاوهء آهنگر و ضحاک، یکی از کهنترین حماسه‌های ملی در عرصهء ادبیات کهن کوردی می‌باشد که از لایه‌های درونی اسطوره‌ی اژیدهاکه‌ی اوستایی سر برآورده است و سرآخر به مرحله‌ای تاریخی از تمدن کوردی مرتبط دانسته شده است که آنهم سقوط دولت مادها می‌باشد. این پژوهش سعی برآن دارد بر مبنای شیوه‌ی تحلیلی اساطیر و تفسیر مدارک یافت شده‌ی تاریخی و متون باستانی، به بررسی ابعاد تغیر و تحول این اسطوره در بوجود آمدن نوع حماسه و ارتباط آن با سقوط دولت ماد و کاوه‌ی آهنگر بپردازد.



واژه‌های کلیدی:

اسطوره و حماسه، اوستا و متون پهلوی، کاوه و ضحاک، دولت ماد

## Abstract
## The Myth of the Dragon or the Epic of Zuhhak

Myth, as a thoughtful, philosophical and linguistic work, has showed the world-view and beliefs of human throughout different historical eras and has developed and changed along with intellectual and philosophical evolution as well as the language use which has adapted itself to the mindset of that era. Myths in the literature world have been considered as main sources for different genres of literature, therefore, despite having undergone change and transformation within itself, it had taken other forms too. The epic of Kawa, the blacksmith, and Zuhhak is one of the oldest national epics which has emerged from ancient Kurdish literature, and finally connected to the historical stages of Kurdish nation, which is the fall of the Medes. The current research attempts to examine the evolution of the mentioned myth in the emergence of the type of epic and its relationship with the fall of the Medes and Kawa, the blacksmith, through depending on the analytical method of mythology and interpretation of historical evidences and ancient texts



**Keywords:**

Myth and Epic, Avesta and Pahlavi Texts, Kawa and Zuhhak, Median Government